بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ژمارە ( 10 ) 15/8/2017 مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# جیابوونەوە لەعێراق و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، مافی حاشاهەڵنەگری خەڵکی کوردستانە!

## گڵکۆی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، دەشێوێنرێت

بەرواری ٩ ی ئەم مانگە، دەستێکی ڕەش و ترسنۆک، هەڵدەستێت بە شێواندن و شکاندنی، گڵکۆی ڕۆژنامەنووسی تیرۆرکراو سەردەشت عوسمان... دەسەڵاتی دزو مافیای بزوتنەوەی کوردایەتی و بەڵتەجیەکانیان، چۆن مامەڵەی ئەوپەری نائینسانی لەگەڵ ئینسانە زیندوەکانی کۆمەڵگە دەکەن و ماف و ویستەکانیان قۆرغ دەکەن و کەسایەتی و شکۆی ئینسانیان ڕێزلێناگرن و دەشکێنن، ئاواش دەست لەگڵکۆ و ئارامگەی ڕەمزو تێکۆشەرانی ئازادی و دنیایەکی باشتر ناپارێزن... ئیمە وەکو بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، بەتوندی ئیدانەی ئەم ڕەفتارە دژی ئینسانیە دەکەین و دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە بە بەرپرس لەم ڕوداوە دەزانین...



## هەواڵی کرێکاری و نارەزایەتیە کرێکارییەکان لە لاپەڕە چوار دا بخوێننەوە

## چی بکەین لەبەرامبەر ئاستەنگە نێودەوڵەتیەکانی سەربەخۆیی کوردستاندا ... ل ٢

## لە بریارێکی تازەدا تونس فرە ژنی یاساغ کرد... توندوتیژی دژی ژنان قەدەغەیە و سزای یاسایی بەدواوەیە لاپەرە ٢



## کرێکارێکی تر بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانی لەدەستدا

کاتژمیر ١٠ ی سەرلەبەیانی بەرواری ٤/٨ کرێکارێکی تەمەن ٢٢ ساڵ بەناوی ڕێباز ئەحمەد، لە کاتی کارکردنیدا لەشوقەکانی بەرامبەر جاقی لاندی شاری سلێمانی کەوتە خوارەوەو لە ئاکامدا گیانی لەدەستدا. لەم ساڵدا و لە ئاکامی نائەمنی شوێنی کارو نەبوونی پێداویستی گونجاو بۆ کارکردن، بەدەیان کرێکار گیانیان لەدەستداوە یان بریندار و کەم ئەندام بوون. ئەمەش هەمووی بەهۆی نابەرپرسیارێتی خاوەن کۆمپانیاکان و چاوچنۆکی سەرمایەدارانەوەیە... ئیمە لە بڵاوکراوەی بۆپێشەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هاوڕێ و کەس و کاری کاکە ڕێباز دەکەین...

## وتەی ژمارە



## ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد و کۆتاییهێنان بە ڕکبەری نەتەوەیی ...

نووسینی: مەنسوری حیکمەت

### سڕینەوە ستەمی نەتەوەیی

کۆمۆنیزمی کرێکاری تێدەکۆشێ لەپێناو سڕینەوەی تەواوی هەرجۆرە ستەمێکی نەتەوەیی و هەرجۆرە جیاکارییەک لەسەر بناغەی ئینتیمای نەتەوەیی لە یاساکانی وولات و کارکردەکانی دەوڵەتدا. کۆمۆنیزمی کرێکاری ناسنامەی نەتەوەیی، دەمارگیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم بە بیروباوەڕ و مەیلێکی زۆر دواکەوتوو، تێکدەر و ناکۆک لەگەڵ پیرۆزیی ئینسان و ئازادی و یەکسانیی ئینسانەکاندا دەزانێ و لیبڕاوانە لە دژی هەرجۆرە دابەشکردنێکی نەتەوەیی دانیشتووانی وولات و هەرجۆرە پێناسەکردنێکی شوناسی نەتەوەیی بۆ خەڵکی، دەوەستێتەوە. کۆمۆنیزمی کرێکاری خوازیاری دامەزراندنی نیزامێکە کە تیایدا دانیشتوانی وولات بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە یان هەستی ئینتیمای نەتەوەیی خۆیان، ئەندامانی خاوەن مافی یەکسانی کۆمەڵگا بن و هیچ جۆرە جیاکارییەک چ بە پۆزەتیڤ و چ نەگەتیڤ لە بەرامبەر خەڵکی سەربە نەتەوە جیاجیاکاندا پیادە نەکرێت. کۆمۆنیزمی کرێکاری تێکۆشان لەپێناو سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و جێگرتنەوەی بە ناسنامەی چینایەتی و ئینسانیی گشتی و جیهانیی کرێکاران بەئەرکێکی بنەڕەتیی خۆی دەزانێ.

وەکو پرەنسیپێکی گشتی، کۆمۆنیزمی کرێکاری خوازیاری پێکەوەژیانی خەڵکی سەر بە نەتەوە جیاجیاکانە وەکو هاووڵاتیانی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوەیەکی وولاتیی گەورەتردا کە ڕێکخستنی ڕیزی بەهێز و توانای کرێکاری لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا ئاسان دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا و لەو حاڵەتانەدا کە پێشینەی ستەمی نەتەوەیی و دژایەتی نێوان خەڵکی سەربە نەتەوە جیاجیاکان پێکەوەژیانی ئەوانی لەچوارچێوەی وولاتەکانی ئێستادا دژوار و پڕ دەردەسەر کردووە، کۆمۆنیزمی کرێکاری مافی جیابوونەوەی نەتەوە ستەملێکراوەکان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەڕێگەی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕای خودی ئەو خەڵکە، بەڕەسمی دەناسێ.

### مەسەلەی کورد

بە ڕەچاوکردنی؛ پێشینەی دووورودرێژی ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کورد لە هەموو ووڵاتانی ناوچەکەدا، دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق وەکو دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی و دانی مۆری ئەتنیکی و نەتەوەیی جیاواز لە ناوچەوانی دانیشتوانی عێراق، پراکتیزەکردنی جیاکاری نەتەوەیی و ئەتنیکی دەرهەق بە دانیشتوانی غەیری عەرەب زمان کە هۆکاری دابەشکردنی دانیشتووانە لەسەر بناغەی ئینتیمای نەتەوەیی و ئەتنیکی، کردنی ئەم جیاکاریە بە یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی قەوارەی دەسەڵاتی بۆرژوازی ئەم وڵاتە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەعێراق هەستی نەتەوەییان دنەداوە و ئاگری ڕق و کینە و پاکتاوکردنی نەتەوەیی و ئەتنیکییان خۆشکردوە و سەرکوتی خوێناوی خواستی ڕەوای جەماوەری کوردستان بۆ ڕزگاربوون لەدەست ستەمی نەتەوەییان پیادەکردوە، ئەمە و ململانێیان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد و جەنگیان لەبەرانبەر بزووتنەوە ئۆتۆنۆمی خوازەکانی کوردستانی عێراقدا، کینە و قڵشتی نەتەوەییان کردوەتە یەکێک لە سیما دزێوەکانی کۆمەڵگای عێراق. لە پاش جەنگ و داگیرکاریی عێراق و ڕوخاندنی دەسەڵاتی بەعسیش، نەخشەکانی ئەمریکا و بۆرژوازی عێراق بۆ سەرلەنوێ سازدانەوەی دەوڵەت

بۆ لاپەرە ٢

## گۆشەی لەگەڵ NRT

لەنووسینی: عەبدوڵا مەحمود

لەلاپەرە ٧ دا، بخوێننەوە

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* سۆسیالیزم و چەپی ئایدۆلۆژی گەرا... سەردار عەبدوڵا ل٣
* من لایعمل لا یاکل... کەریم کەریم ل٣
* ڕژێمی ئیسلامی ئێران بەردەوامە لە لەسێدارەدانی مێر منداڵان.. عەبدولرحمن ڕەسوڵ ل٥
* نەخێر لە ئێستادا، تەنها بەخێرە بۆ ئێستاو هیچیتر... ڕێبوار ئەحمەد ل٦
*سێ ستراتیژو ریفراندۆم ... نادر عبدالحمید ل٨
* ریفراندۆم و سەربەخۆیی وەڵامە بەدوو گرفتی بناغەیی... عەبدوڵا مەحمود ل١٠

# چی بکەین لەبەرامبەر ئاستەنگە نێودەوڵەتیەکانی سەربەخۆیی کوردستاندا!

هەڵوێستی نێودەوڵەتی ئێستا لەقازانجی رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان نیە. ئەمە ڕاستیەکە کە دەبێ خەڵکی کوردستان بیزانێ و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هۆکاری ئەم هەڵوێستگیریە و چونیەتی ڕوبەڕوبونەوەی بزانین.

لە ئێستادا نەیارانی رفراندۆم کاریان بوەتە ئەوەی کە بەهۆی ئەم هەڵوێستە نەگەتیڤە نێودەوڵەتیەوە خەڵکی کوردستان بترسێنن تا لە دەستبردن بۆ مافی خۆی لە بەرپاکردنی رفراندۆم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا پەشیمانی بکەنەوە. بیانوی ئەم نەیارانەی رفراندۆم ئەوەیە کە ئەگەر بەقسەی ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە نەکەین شکست دێنین و دۆستایەتی ئەوان لەدەست دەدەین. بەڵام خەڵکی کوردستان کە سەدەیەکە گیرۆدەی کێشەی ستەمی قەومی و بێ دەوڵەتی و گیرۆدەی فیدرالیزمێکی شکست خواردوە لە عێراقدا، ئەگەر لەم فرسەتەی ئێستادا دەست هەڵگرێت لەم خواستەی خۆی بۆسەربەخۆیی و رفراندۆم ئەوە بێگومان دژی بەرژەوەندیەکانی خۆیەتی، هەربۆیە سەرەڕای سەختی ئاستەنگیە نێو دەوڵەتی و ناوچەییەکان دەبێ ڕێگاچارەیەکی سیاسی و پشتیوانیەکی نێونەتەوەیی بۆ داوا ڕەواکەمان پەیدا بکەین و لەسەروو ئەوانەشەوە باوەڕبون بە هیزی خۆمان، هێزی جەماوەری کوردستان پەیدابکەین.

کێشەیەکی سەرەکی ئەم بێ باوەڕیەی خەڵکی کوردستان بەهێزی خۆی ،خودی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوون کە لەم ٢٦ ساڵەدا خەڵکیان چاوەڕوانی سیاسەتەکانی ئەمریکا هێشتۆتەوە لە عێراقدا . دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای فیدرالیزمێکی قەومی و مەزهەبی کە کوردستانی کردەوە بە پاشکۆی عێراق، ئەو سیاسەتە شکست خواردوەی ئەمریکا بوو کە حزبە ناسیونالیستە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە پێناو بەشە داهات و دەسەڵاتدا سەربەخۆیی چارەنوسی کوردستانیان پێ گۆڕیەوە و خەڵکیان خستەوە ژێر سایەی دەوڵەت و دەستورێک کە قەومی عەرەبی و ئیسلامی شیعە ناسنامە و پایەی دەسەڵاتداریەتی.

ئەمریکا دەسەڵاتی حزبە چەکدارەکانی کوردستانی وەک کارتی فشار لەم ٢٦ ساڵەدا بەکارهێناوە و ئێستاش کە شوێن پێی لێژبوە بەهۆی هەژمۆنی ئێران بەسەر حکومەتی عێراقدا و بوەتە مەترسی ستراتیژی لە ناوچەکەدا، دەیەوێ هەمان سیاسەتی کارتی فشار درێژەپێبدا. هەربۆیە حکومەتی ئەمریکا نایەوێ رفراندۆم بکرێ. وە نەک هەر ئامادە نیە ئەم مافی رفراندۆم و سەربەخۆییە بۆ خەڵکی کوردستان بەرەسمی بناسێ بەڵکو لەوانەیە فشاری بڕینی کۆمەکە سەربازی وداراییەکانی بۆ پێشمەرگە دروست بکا و پشتیوانی کردن لە یەکپارچەیی عێراق دژی ئەم مافە بەکاردەهێنێ. هەربۆیە ئەگەر خەڵک تەسلیم ببێ بەم خۆشباوەڕیە کە با چاوەڕوانی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا بین ئەوا دەبێت باجی گەورە بدەین و دەبێ مل بەمانەوەی وەک پاشکۆ و ژێردەستەی حکومەتی شۆڤینی و کۆنەپەرستی عێراق بدەین لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیە ئەمنی و سیاسی و ناوچەیی و جیهانیەکانی ئەمریکادا.

بەڵام کوردستان و عێراق لەچاو ٢٦ ساڵ لەمەوبەردا گۆڕاوە و تەواوی هاوسەنگی هێز لەناوچەکەدا گۆڕاوە. ئەمریکا چیتر تاکە زلهێز نیە کە چارەنوسی ئەم ناوچەیە دیاری بکا. سوریا نمونەیەکە لە هاتنەمەیدانی ڕوسیا و کاریگەری بەسەر گۆڕانی ناوچەکەدا. هاوکات مەترسی هاوپەیمانی ڕوسیا لەگەڵ ئێراندا نەک عێراق بەڵکو کاریگەری لەسەر مانەوەی ئەمریکا لەناوچەکەدا داناوە. هەربۆیە دژایەتیەک کە ئەمریکا دەیتوانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا لە کاتی پۆل بریمەر لە ٢٠٠٣دا وەک حاکمی داگیرکەری عیراق بیکا، ئێستا ئەم دەسەڵاتەی بەسەر عیراق و کوردستاندا نەماوە و دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بە قازانجی درێژماوەی نابێ.

هاوکات ڕوسیا دەیەوێ ژێر پێی ئەمریکا لە عیراقیشدا وەک سوریا چۆڵ بکا و دەبینین لە زمانی وەزیری دەرەوەی ، لاڤرۆڤ، سەبارەت بەمەسەلەی کورد دەیەوێ هەڵوێستێکی جیاواز لە ئەمریکا بنوێنێ. ئەو دەڵێ " وای دادەنێین دەبێ خواستە یاساییەکانی کوردەکان،وە خەڵکانی تریش، بخرێتە نێو چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە ، ئەمەش دەبێ بکرێ لەگەڵ بڕیاری بەرپاکردنی رفراندوم، کەوەکو بزانم لە هەولێرەوە گیراوەتەبەر."*١ وە لە چاوپێکەوتنێکیشدا دەڵێ" دەبێ لەگەڵ ئەنجامی رفراندۆمەکەدا مامەڵە بکرێ". *٢

بەڵام ئێمە نابێ لە خۆشباوەڕی بە ئەمریکاوە بازبدەین بۆ کەوتنە دوای خۆشباوەڕی بە ڕوسیا. لانی کەم لەبەرئەوەی بەپێی تەجروبە لە ساڵی ١٩٤٦ ڕوسیا پشتی کۆماری مهابادی بەردا و ئەمەش بوە مایەی تێکشکانی لەلایەن دەوڵەتی شای ئێرانەوە. هەروەها خۆشباوەری بە ئەمریکا و ئێرانیش لە ١٩٧٤ ڕاپەڕینی چەکدارانەی پارتی ئاشبەتاڵ پێکرد. ئەم تەجروبانە نیشانمان دەدەن کە سیاسەتی خۆشباوەڕی و خۆبەستنەوەی حزبە ناسیونالیستەکان بەم زلهێزانە دەبنە مایەی شکست ئەگەر خەڵکی کوردستان خۆیان نەخشە و سیاسەتێکی سەربەخۆیان نەبێ بۆ بەدەستهێنانی مافی رفراندوم وسەربەخۆیی. دەبێ لەلامان ڕۆشن بێت کە ئەم زلهێزانە بەشوێن بەرژەوەندی خۆیانەوەن نەک ڕۆژێک مەسەلەیان ئەوەبێ کە کێشەی کورد بهێننە سەر مێزی حکومەتەکەیان و چارەسەری بۆ دابنێن. نەیاری ئەمریکا بۆ بەرپاکردنی رفراندۆم بەرژەوەندی مانەوەی سەربازی و سیاسی و ئابوری ئەمریکایە لە عێراقدا، نەک ئەوەی ئەمریکا کاتێکی گونجاوی هەیە بۆ رفراندوم و سەربەخۆیی. ئەمریکا رفراندوم وسەربەخۆیی وەک مافێک بۆ خەڵکی کوردستان ناسەلمێنێ و لە بەرنامە و بەرژەوەندیدا نیە. هەربۆیە داوای دواخستنی رفراندوم داوای نەکردنی رفراندومە. هەربۆیە خەڵکی کوردستان نابێ باجی مانەوەی ئەمریکا لە عیراقدا بدا و سەربەخۆیی خۆی بکاتە قوربانی بەرژەوەندی... بۆ لاپەرە ٥

## درێژەی وتەی ژمارە...

لەسەر بنەمای دابەشکاریی نەتەوەیی، ئەتنیکی و دینی، قەڵەشت و ڕکەبەری نەتەوەییان لە عیراقدا قوڵتر کردوەتەوە. لە ئاکامی هەموو ئەمانەدا پێکەوە ژیانی ئاسودە و دوور لە دەردەسەری خەڵکی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکپارچەدا سەخت و دژوار بووە. کۆتایهینان بە دەسەڵاتی قەومی-ئیسلامی ئیستای عێراق و هاتنەسەرکاری دەوڵەتێک کە دوور لە ناسنامەی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی بە چاوێکی ئازاد و یەکسان تەماشای هەموو دانیشتوان بکات، دەتوانێ کۆتایی بەم کێشە و دووبەرەکیە بهێنێت. بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی دەوڵەتی کرێکاری کە ئەلتەرناتیڤی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە، بەشێوەیەکی ڕیشەیی ئەو کێشەیەش چارەسەر دەکات. لە هەمان کاتدا تا کاتێک ئەم هەلومەرج و کێشەیە بەردەوام بێت، کۆمۆنیزمی کریکاری خەبات دەکات بۆ چارەسەری ئەم گرفت و کێشەیە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ لە ڕێگەی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازاد و گشتیەوە و هەروەها لە دژی هەرجۆرە هەنگاوێکی توندوتیژ و سەربازی بۆ بەرگرتن بەم هەڵبژاردنە ئازادانەیە دەوەستێتەوە. کۆمۆنیزمی کرێکاری تیدەکۆشیت بۆ یەکلایی کردنەوەی دەستبەجێی ئەم مەسەلەیە و دەرکێشانی خەڵکی عێراق و کوردستان لە ژێرباری ڕکەبەری نەتەوەیی لە ڕێگەی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازادەوە لە ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عێراق لەژێر چاودێری دامودەزگا ڕەسمیە نێونەتەوەییەکاندا.

کۆمۆنیزمی کرێکاری گەڵاڵە جۆاوجۆرەکانی فیدرالیزمی نەتەوەیی بۆ کوردستان کە لەلایەن هێزەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەوە دەخرێتە ڕوو، نە تەنها بە هەنگاوێکی ڕوولەپێش نازانێت بەئاقاری چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، بەڵکو ئەمانە بە گەڵاڵەیەک دادەنێ بۆ هەتاهەتایی کردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردو غەیرە کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی یەکپارچەدا، هەروەها بۆ ئەبەدیکردن و شەرعییەت دان بە جیابوونەوە نەتەوەییەکان و زەمینەسازیی بۆ درێژەپێدانی دژایەتی و کێشمەکێشە نەتەوەییەکان لە ئایندەدا.

هەروەها کۆمۆنیزمی کرێکاریی کوردستان لە دژی هەر چەشنە هەوڵێکی کۆنەپەرستانە بۆ جیاکردنەوە و بەگژیەکداکردنی دانیشتوانی کوردزمان و باقی دانیشتوانی کوردستان و عیراق ڕادەوەستێ و خەبات دەکات لەپێناو دورخستنەوەی جەماوەری کوردستان لە ململانێ و کێبەرکێی کۆنەپەرستانەی نێوان ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب.کۆمۆنیزمی کرێکاری هەرجۆرە بڕیارێک لەبارەی ئایندەی سیاسی کوردستانەوە کە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و تەنها لەسەر بناغەی بڕیاری دەوڵەتی مەرکەزی، وەیان ڕێککەوتنی سەروخەڵکیی نێوان دەوڵەت و حزبە محەلیەکان پیادە بکرێت، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە بە نامەشروع و دژ بە ئیرادەی سیاسی ئەوان دادەنێت.

**لە بەرنامەی یەک دنیای باشتر وەرگیراوە**

## بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و سکیولاریزم لە تونس، هەنگاوێکی پێشرەوانەی نا



دوای کێشمەکێشێکی زۆر، پەرلەمانی وڵاتی تونس، پرۆژە بڕیارێکی پەسەند کرد، خاڵی بەرجەستەی ئەم پرۆژە بڕیارە، یاساغکردنی فرە ژنی و قەدەغەکردنی توندوتیژییە دژ بە ژنان و لێپرسینەوەی یاساییە لەو کەسانەی توندوتیژی دژی ژنان ئەنجام دەدەن... ئەمەش سەرکەوتنێکی تری بەرەی سکیولاریزم و دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و پاشەکشەپێکردنی زیاتری ڕەوتی کۆنەپەرستی و ئیسلامی سیاسییە... جێگای باسە میدیا لەکوردستان ڕۆژانە ئامادەن فتوای مەلاو موفتەیەکانی دنیای عەرەب بڵاوبکەنەوە، کەچی خۆیان لە بڵاوکردنەوەی ئەم جورە هەواڵانە لاباک دەکەن و پێشرەویەکانی بزوتنەوەی ژنان و سکۆلاریزم، ناگوازنەوە، بەو مامەڵەیەشیان، بۆ سەدەمین جار وەکو میدیای بەرەی کۆنەپەرست خۆیان نمایش دەکەن...

## قوربانیانی توندوتیژی و ناموس پەرستی...پێنج قوربانی لە ١٠ ڕۆژدا

*بەرواری ٢ ئاب، ژنێک بەناوی" س،م" کە لەدایک بووی ساڵی ١٩٩٢ لەگەرەکی ڕاپەرینی شاری قەڵادزێ دەستی چووە گیانی خۆی و بە پەت خۆی خنکاند... دەوترێت لێکۆڵینەوە لەم دۆسیەیە بەردەوامە...

* بەرواری ٥ ئاب، لە گوندێکی نزیک شارەدێی سەرکەپکانی سنوری شاری ڕانیە، ژنێکی تەمەن سەرو چل ساڵی بەناوی"ح، م" خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە... دەڵێن لێکۆڵینەوە لەم کەیسە بەردەوامە...

* بەرواری ٨ ئاب، ژنێک بەناوی روئیا هاشمی، لەلایەن کورە دەزگیرانەکەیەوە لە وڵاتی نەرویج داریە بەر چەقۆ و گیانی لەدەستدا... روئیا تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو... پۆلیسی نەرویج بکوژی ژنەکەی بەناوی ئاریز کە تەمەنی ٣٨ ساڵە، دەستگیر کردووە...

* بەرواری ٨ مانگ ژنێکی تر دوای ئەوەی بەشیوەیەکی زۆر دڕندانە لەلایەن هاوسەرو چەند کەس و کارێکیەوە، شکنجە دەدرێت، پاشان دەخنکێنرێت... ئەم ژنە تەمەنی ٢٠ ساڵ بووە ناوی سومەیە وەیسییە... ژنەی




خنکێنراو خەڵکی گوندی گدمیرانی سەر بەشاری دیۆلانی کوردستانی ئێرانە...

*١٣ ئەم مانگە کچێک بەناوی" ە، م، ح" تەمەن ٢٠ساڵە لە گوندی بای حەسەنی سەر بە قەزای دوبس لە سنوری پارێزگای کەرکوک، لە ڕیگای چەکەوە و لەناو ماڵی خۆیان کۆتایی بە ژیانی خۆ هێناو خۆی کوشت... تائێستا هۆکاری خۆکوشتنەکەی رانەگەیەنراوە.

# سۆشیالیزم وچەپی ئایدیۆلۆژی گەرا!

نووسینی: سەردار عەبدوڵا



له سەرو بەندی هاتنە کایەوەی ریفراندۆم دا چەپێک کە خۆی لە ژێر پەردەی تاریکدا شاردبووە لە بەرانبەر کۆمۆیزمی کرێکاریدا ڕووی خۆی دەرخست وکەوتە لۆمە وتانەدان لە دەخالەتی چالاکوان وحیزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاری لەم ریفراندۆمەدا، گوایا دەستیان شتوە لە سۆشیالیزم وبوونەتە ناسیۆنالیزم ولەوەش خراپتر بوونەتە پاشکۆی پارتی و بارزانی. ئەگەر سەرنجێک لە نوسین وکۆمێنتەکانی ئەم چەپە بدەی زۆربەیان بە زمانێک کە پڕیەتی لە وشەی ئینگلیزی وە بە زمانێکی زۆر قورس وشک وئاڵۆز دەنووسن وترش خویَ ی ئەکەن بەسەر بۆچونەکانیان کە دەکرا خۆیان لەوە بپارێزن و بە زمانێک بنوسن زۆربەی خەڵک لێی تێ گەیشتبا ئەم کارەیان بۆیە نەکرد چونکە لایان وایە بەم شێوەیە دەتوانن بیسەلمێنن زیاتر لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم گەیشتوون. زۆرێک لەم چەپە پێ ی وایە کۆمۆنیستەکان کاریان بەسەر مەسەلەی میللیەوە نیە وئەوە کاری بورژوازیە لە پێناو بازاڕو سەرمایەگوزاریدا دەیەوێ دەوڵەتی سەربەخۆی قەومی دروست بکات واتە ڕێک وەک ئەو سەردەمە پێناسەی بۆرژوازی دەکەن کە تازە قۆناخی فیودالی تەواو بووە لە ئەوروپا وەک ئەو سەردمەیە کە هێشتا سەردەمی مانیفاکۆتەرەیە وبۆرژوازی قەومی پێویستی بە بازاڕە بۆ ساخ کردنەوەی کالاکانی. ئەم لێکدانەوە ووشک و مردووە هیچ پەیوەندیەکی بە مارکسیزمە نیە چونکە هەلومەرجی ئەمڕۆی سەرمایەداری هەلومەرجی قۆناخی ئیمپریالیستیە کە دوا قۆناخی سەرمایەداریە. پێکهێنانی دەوڵەت تەنها لە پێناو بازاردا نیە بەڵکو دەکرێ دەوڵەت دروست کردن بۆ خۆشتر کردن وئازاد بوونی خەڵکێک بێت کە گەورە ترین کێشەی تووش هاتبێ بە هۆی بێ دەوڵەتیەوە. خۆ ئەگەر بە پێ ی پێناسەی ئەم چەپە بێت بۆ دەوڵەت ئەوا نەدەبوو مارکس باسی دەوڵەتی پرۆلیتاریاشی کردبا. من باوەڕی تەواوم هەیە کە دەوڵەت خۆی دەزگایە کە بۆ سەرکوتکردن چینیک لە چینیکی تر هەر دەبێت بپوکێتەوە، بەڵام خۆ ئینسان هەر کێشەی چینایەتی نیە زۆر کێشەی تریشی هەیە کە سەرمایەداری بۆی دروست کردووە وەک کێشەی پەنابەرو راسیزم و ڕەگەزی وکێشەی ژن وپیاو، کێشەی لاوان ومندالان و کێشەی میللی ...هتد دەبێت ڕێگات پێ بێت بۆ چارەسەری ئەم کێشانەش کە لە دەوڵەتدا چارەسەر دەکرێن. بەهۆی دەخالەتی کۆمۆنیستەکان و تەرحکردنی ڕێگا چارەکانیان لەم مەیدانانەدا جگە لەوەی کێشەکان بە رادەیەک چارەسەر دەبن هەر لە ناو کۆمەڵگای سەرماریەداریدا لە هەمان کاتدا دەبنە هۆی بە هێزکردنی ئەو میکانیزمەی کە بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی پێویستە واتە ڕێکخستنی چینی کرێکار وتوێژە بەشخوراوەکان لە حیزب وڕێکخراوەی خۆیاندا کە بەبێ ئەمەش سۆشیالیزم دەبێتە مەحاڵ. چەپێک کە ئەمە نابێنیت ئیتر ناکرێ بووترێ ئاشنایە بە مارکسیزم، ئەمانە تەنها سۆشیالیزم دەبینن پێ یان وایە هەموو شتێکی تر زیادەیە وپەیوەندی بە مارکسەوە نیە. یەکێ لەو بەڵگانەی پیشانی دەدات کە ئەمانە دوورن لە مارکسەوە ئەوەیە هەر باس لەوە دەکەن تەنها دەبێت خەباتی چینایەتی بکرێ ئیتر ناڵێن چۆن و بە چ شێوەیەک؟ ئاخر مارکس بەم شێویە باسی خەباتی چینایەتی نەکردووە ئەو باسی لە حیزب کردووە وباسی لە ڕێکخستن کردووە کە ئەم چەپە هەر باسی ناکا، یەکێ تر ئەوەیە کە نازانن کە مارکس ئەڵێت: پرۆلیتاریا لە شۆڕشەکەیدا هەر خۆی ڕزگار ناکا بەڵکو تەواوی کۆمەڵگا ڕزگار دەکا. دەخالەتی کۆمۆنیستەکان لە شکاندنی بەربەستەکانی بەردەم ئەم شۆرشەوە دەست پی دەکات کە یەکێ لەو بەربەستانە کێشەی میللیە کە کێشەی ئەم کۆمەڵگەیەیە. ئەم چەپە بە بازدان بە سەر ئەم بەربەستانەدا دەڕواو وبە خەیاڵی خۆی سۆشیالیزم دائەمەزرێنێ ئەمە جگە لەوەی تەنها لە خەودا ڕاستە وهیچی تر لەو اقعدا پووچ و بێ مانایە. بە هەموو ئەم دەلیلانە ئەم چەپەی کە خۆی بە چەپی نوێ یاچەپی ترۆتسکیزم ئەناسێنێ ناتوانێ لە چەپێکی ئایدۆلۆژی گەرا زیاتر بێت، باسەکانیان لە چوارچێوەی کتێبەکان دەرناچێت وناتوانن واقعیەت وهەلومەرجی مێژووی وکۆمەڵگە جیاجیاکان بناسن وە ئەم ڕەخنەو وتانە ولۆمەیان لە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بازنەیەکی داخراوادا هەر دەسوڕێتەوە نایەتە دەرەوە بە هیچ کوێ ناگات وجگەلە چەنەبازی ( سفسطة)ناتوانی ناوێکی تری لێ بنێی.

# من لایعمل لایاکل.. نووسینی کەریم کەریم



ناسنامە و هەویەی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و تەواوی توێژەکانی تری کۆمەڵگە بریتی یە لە کارکردن. کرێکاران و کاسبکاران لەژێر سیستەمی سەرمایەداریدا ئەگەر ڕۆژێک نەچن بۆ کار و هێزی کاری خۆیان نەفرۆشن بە چینی بورژوازی، ئەوا روبەڕووی ژیانێکی زۆر سەخت و دژوار دەبێتەوە و ناتوانن درێژە بەژیان و گوزەرانی خۆیان بدەن چونکە ئەو لەشکرە زۆر و زەبەندەی لەچینی کرێکاران و زەحمەتکێشان خاوەنی هیچ سەرخان و ژێرخان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نین، بەڵکو ئەقلییەتێکی زۆر کەم لەچینی بۆرژوازی و سەرمایەداران هەیمەنە و کۆنترۆلی خۆیان سەپاندووە لەڕێگای خاوەندارییەتی تایبەتی و دەست بەسەر داگرتنی سەرخان و ژێرخان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. هیچ گومان هەڵناگرێ کە چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و تەواوی توێژەکانی تری کۆمەڵگە خوڵقێنەر و داینەمۆ و بزوێنەری هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین، کەچی لەبچووکترین مافەکانی ژیانی خۆیان بێبەشن و مەحرومن و لەژیانێکی مەمرە و مەژی دەژین. ناتوانن بەئاسانی دەستیان بگات بە هەموو وەسائیلیەکانی ژیان کە وەک مرۆڤێکی نۆرماڵ و ئاسایی درێژە بەژیان و گوزەرانی خۆیان بدەن لەژێر دەسەڵات و هەیمەنەی چینی بۆرژوازیدا.

کەچی چینی بورژوازی کە لەخەڵکانێکی کەم پێک دێت تەنها دەخۆن و پاڵ دەدەنەوە و دەخەون لەسەر حیسابی ڕەنج و ماندوبوونی کەسانی تر لەچینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و توێژەکانی تری کۆمەڵگە بەبێ ئەوەی خۆیان ئازار بدەن و بەبێ ئەوەی ماندووبن و ئارەقە برێژن و بەردێک چی یە ناخەنە سەر بەردێکی ترەوە. هەموو مەسرەف و پێداویستییەکانی ژیان و گوزەرانی خۆیان بە تێر و پڕی بەسەر دەبەن بەبێ ئازاری کار و ڕەنج کێشان و کێشەکانی کار و بەرهەمهێنان بناسن و هەستی پێ بکەن.

هەر لەبەر ئەوەشە چینی بورژوازی و سەرمایەداران هەر دەژین و دەخۆن بەبێ ئەوەی هیچ ئاشنایەتی و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانەوە هەبێت. وە لەهەموو سەردەم و کاتێکدا کەسانی بورژوازی لەژیانێکی زۆر ڕەفاهیەت و ئاسوودەیی و ئارامی دا دەژیت بەبێ ئەوەی ئاگای لە واقیعەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و کار و بەرهەمهێنان هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا هێزی تایبەتی خۆی هەیە.

لە سیستەمی کۆمەڵایەتی چینایەتیدا هەموو یاسا و ڕێسای چینی بۆرژوازی لەدژی بەرژوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و توێژەکانی تری کۆمەڵگە بەکاردەهێنرێت و پیادە دەکرێت. بەڵام لەهەمان کاتدا هەموو یاسایەکان حەق بەم چینە دەدات و هەموو شتێک و وەسائیلێکی بۆ فەراهەم و ڕێکخراو دەکات، وە زۆر ڕەواجی پێدەدات و بەڕەواشی دەزانێت.

وە لە هیچ کاتێکدا کەسانی بۆرژوا و سەرمایەدار هەست بە ناڕەحەتی و خەم و خەفەت و موحتاجی و ترس و دڵەڕاوکێ ناکات و ئامادە نییە تەنها بۆ چرکەیەک ژیانی خۆی ئاڵۆز بکات. بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دایە کە لە ژیانێکی زۆر ئارامی و ئاسوودەیی دا بژیت. چینی بۆرژوازی زیاتر هێز و بوونیان هەیە لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی لەوپەڕی گەندەڵی و نابەرابەری و بەربەرییەت و ناعەداڵەتی کۆمەڵایەتیدا بێت و زیاتریش هێزی ماددی و مەعنەوی بەلای چینی بۆرژوازی و سەرمایەداران دەچێت. باشترین نموونەش بۆ ڕاستی و بەڵگەهێناوە ئێمە هەموو ڕۆژێک بەچاوی خۆمان دەیبینین و هەموو کاتێک هەستی پێدەکەین کەدەسەڵاتێکی سیاسی لە کوردستاندا هەیە کە لەلایەن حزبەکانی بۆرژوازی میلیشیای کورد بەڕێوەدەچێت کە لەسەر بنەمای سیستەمی گەندەڵی و دزی و تاڵانی و موچە بڕین و سەرکوت و میلیشیایی و بنەماڵەیی دروست بووە و هەمیشە درێژە بەکاروکردەوەی نابەرابەری و بەربەرییەت و دیکتاتۆری خۆی دەدات لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا. لەم نێوەدا دەسەڵاتی بۆرژوازی میلیشیای کوردستان روبەڕووی بێزاری و تووڕەیی و ناڕەزایی و نەفرەتی تاک بەتاکی کۆمەڵگەی کوردستان بوەتەوە ئەویش لەبەرئەوەی خەڵکی کوردستان گیرۆدەیە بەدەستی هەژاری... نەبوونی... بێکاری ... گرانی... بڕینی مووچە... نەبوونی خزمەتگوزاری و چەندەها کێشە و گرفتی تر کەڕۆژانە یەخە و بەرۆکی خەڵکی گرتووە و بەدەم ئێش و ئازارە یەک لە دوا یەکەکانی ئەم ڕۆژگارە دەناڵێنن. هەر بۆیە ئەم وتەیە (من لایعمل لایاکل) شمولی چینی بورژوازی و سەرمایەداران ناکات و لەدەرەوەی بازنەی ئەوان دایە. بەڵام ئەم وتەیە بەچینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و توێژەکانی تری کۆمەڵگە بەڕەوا دەبینرێت و پیادە دەکرێت و هەموو کاتێک ڕەواجی پێدەدرێت. جا لێرەدا ئەوەی پێویستە بووترێت تاکە ڕێگا و ئەڵتەرناتیڤێک کە لەبەردەم چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان ماوەتەوە بۆ ڕزگاربوون و دەربازبوون لەزەرفیەتی زوڵم و زۆرداری و نابەرابەری و چەوساندنەوە و ناعەداڵەتی چینی بۆرژوازی و سەرمایەداران تەنها ڕێکخراو بوون و یەکگرتووبوونە لەدەوری یەکتریدا لەژێر بەرنامە و دروشمی ئازادی، بەرابەری، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، لەماوەیەکی کورت و خێرادا بۆئەوەی هەرچی زووترە کۆتایی بەخاوەندارێتی تایبەتی و چینی بۆرژوازی و سیستەمی سەرمایەداران بهێنرێت لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی شایستەی ئینسانی و شەرافمەندانە و پێکهێنانی دونیایەکی باشتر کەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەباوەش بگرێت

**بۆپێشەوە، بگەیەنن بەدەستی دۆستان و هاوڕێکانتان**

# هەواڵە کرێکاریی و نارەزایەتییە کرێکارییەکان

## ئامادەکردنی: شوان عەزیز و ئاراس رەشید




**کرێکارانی کارگەی چەنگ فای داوای دادپەروەری لە دەسەڵاتداران دەکەن...**

**هەر ئێستا کاتی هەڵوێست نواندنە !!**

**داوای دادپەروەری دەکرێت....**

**کەمبۆدیا:**

پشتی کرێکارانی دەستبەرداربوو بگرن، لە خەباتیان دا بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان و نەفەقات و کرێی لەدەست چوویان.

بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی کەنەدای: کرێکاران یەکیان گرتووە، کامپینی جلوبەرگی پاک و تۆڕی هاوپشتی ماقویلا.

کرێکاران یەکیان گرتووە، یەکێتیەکە کە لە مەیدانی خەباتدایە لە سەدوپەنجا هەزار کرێکارێک پێکهاتووە لە سەرتاسەری ئەمەریکاو کەنەدا. ئەندامانی ئەو یەکێتیە کار دەکەن لە کارگەی جلوبەرگ، قوماشو ڕستن وچنین، تاکفرۆشی، بەرهەمهێنان، دابەشکردن، جل شۆرگە، میوانداری، خزمەتگوزاری خۆراک، لەش جوانی و پیشەسازیەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی.

داخرانی لەناکاوی کارگەیەکی جل وبەرگ لە کەمبۆدیادا دەرکردنی 208 کرێکاری لێکەوتەوە، کە بە بێ مووچە و بێ هیچ قەربووکردنەوەیەکی یاسایی دەستبەرداریان بوون. ساڵێک تێپەڕی و کرێکارەکان کە زوربەیان ژنن تا ئێستا لە خەباتدان بۆ گەییشتن بە دادپەروەری.

کارگەی ڕستن و چنینی چەنگ فای جلی دروست دەکرد بۆ براندەکانی وەک مارک و سپێنسەرو بۆنمارشەی لە بەریتانیا وهەروەها بۆنیگاردیش لە کەنەدا. کرێکارەکان ڕووبەڕووی خەباتێکی درێژخایەن بوونەتەوە. کرێکارەکان سەرسەختانە ڕاوەستاون بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان. لە لایەک ناهێڵن خاوەن کارگەکە ئەو جلانە بفرۆشێت کە ماون لە ناو کارگەکەداو لە لایەکی تریش بە کردار دەستیان بە مانگرتن کردووە لە بەردەم نووسینگەی مارک و سپێنسەر لە شاری فنۆم پێنە، و هەروەها لە بەردەمی وەزارەتی کار. هاوکات لەبەردەم دادگاشدا. کرێکارەکان نامەیان ئاراستەی تەواوی براندەکان کردووە و داوای هاوکاری و کۆبوونەوە دەکەن لە گەڵیاندا، بەڵام جێگەی داخە تائێستا هیچ کام لەمانە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو. بەڵام ئێستا ئەو کرێکارانە پاڵپشتی دەکرێن لەلایەن یەکیەتیەکانی بازرگانی وڕێکخراوەکانی مافی کار وە دەڵێن کە دەبێت براندەکانی وەک مارک ، سپێنسەر ونیگارد بەرپرسیارێتی مافەکانی ئەو کرێکارانە هەڵبگرن.

http://www.labourstart.org/go/chungfai

**مالیزیا:**

**هەواڵەکانی یەکیەتی جیهانی کرێکارانی خۆراک(IUF) بۆ سەندیکا کرێکاریەکانی پەیوەست بەو یەکێتیە.**

دەبێت کرێکاران ئەوە بزانن کە ئەگەر هێزی خۆیان بە بەردەوامی بخەنە گەڕ، حەتمەن ئەنجامی باشی دەبێت و کەس ناتوانێت مافیان بخوات.

کرێکاران ئەگەر بەردەوام بن لە خەبات لە پێناو داخوازیەکانیان و بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان، ئەوە بێ گومان بن کە دەگەنە ئامانج و چۆک بە سەرمایەدارو کۆمپانیای چاوچنۆک دادەخەن. ئەوەتا لە نوێترین هەواڵی کرێکاریدا، کرێکارانی شانگریلا لە مالیزیا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.

مالیزیا: کرێکارانی شانگریلای مالیزیا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن لە شەڕی ١٣ ساڵەی خۆیاندا بۆ گێڕانەوەی بە کۆمەڵی مافەکانیان.

کرێکاران و ئەندامانی سەر بەئیتیحادیەکانی پەیوەست بە ڕێکخراوی کرێکارانی جیهانی بۆخۆراک، لەوانە سەندیکای کرێکارانی نیشتمانی میوانخانەکان، بارو چێشتخانەکانی ناوچەی نیوە دورگەی مالای لە مالیزیا(NUHBRW) کە بە ناوچەی ڕۆژئاوای مالیزیاش ناو دەبرێت لە شەڕی سێزدە ساڵەی خۆیاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە ڕێک کەوتنێکدا لەسەر تەواوی مافەکانیان. لە دیسەمبەری 2004 دا فەرمانداری میوانخانەکانی شانگری لای هاوینە هەواری ڕەسا سەیانگ لە ناوچەی پێنانگ ی داخست بە مەبەستی نۆژەنکردنەوە. وە لە سێپتەمبەری 2006 دا هاوینەهەوارەکەی بەڕووی گەشتیاراندا کردەوە. بەڵام کاتێک کە تەواوی کرێکارەکان گەڕانەوە سەر کارەکانیان لە ناو میوانخانە نۆژەنکراوەکاندا، شانگریلای ڕایگەیاند کە هیچیتر ئەو ڕێک کەوتنە پێشوو دەربارەی نەفەقات و سوودی کرێکاران کاری پێ ناکریت، ئیتر وەک میوانخانەی تازە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بەڵام ئەندامانی تەواوی ئەو ئیتیحادیانە مانگرتنێکی کارایان بەرێخست لە دژی پوچەڵکردنەوەی ئەو ڕێکەوتنەی پێشوویان بە تاکلایەنی لە لایەن شانگری لایەوە و کەیسەکەشیان بەرەو دادگای پیشەسازیەکان برد. یەکێتیەکە سەرکەوتنی بەدەست هێناو بە بڕیارێک گەیشتن کە لە بەرژەوەندی کرێکاران و ڕێک کەوتنەکەیاندا بوو، بەڵام شانگری لای شەڕێکی یاسایی بە تێچوویەکی زۆرەوە گرتە بەر کە تاکلایەنە دەیەویست مەرجی دامەزراندن بسەپێنێت.

لەکۆتاییدا لە نیسانی 2017 دا، بڕیاری دادگای پیشەسازی کە لە بەرژەوەندی کرێکاراندا بوو پەسند کرا لە لایەن دادگای فیدڕالیەوە. وە فەرمان درایە شانگریلای کە کار بە ڕێکەوتنی پێشوو بکریت وە تەواوی مافەکانی کرێکاران بگەرێتەوە بۆیان.

سەرچاوە

http://www.iuf.org/w/

**هەرێمی ئۆنتاریۆ/کەنەدا**

**ڕێگری لە بەرزکردنەوەی لانی کەمی کرێ مەکەن لە ئۆنتاریۆ!**

ماوەی پتر لە ٢ ساڵە کۆنگرەی کرێکارانی کەنەدا و زوربەی یەکێتیە کرێکاری و سەندیکان لە کەنەدا بە گشتی کەمپینێکیان ڕاگەیاند بۆ بەرزکردنەوەی لانی کەمی کرێی لە سەعاتێکدا بۆ ١٥$. لە ٢٠ی مانگی مەی ٢٠١٧ حکومەتی هەرێمی ئۆنتاریۆ لە زمانی سەرۆک وەزیرانەکەیەوە( Kathleen Wynne)وە و وەزیری مالیەکەی ڕایانگەیاند کە دەبنە دووەم هەرێم لە کەنەدا دوای برتش کۆلۆمبیا بۆ بەرزکردنەوەی لانی کەمی کرێ بۆ ١٥$. بەڵام ماوەی بەکاربوونەکەی دیاری نەکراوە، کەرەنگە بە چەند قۆناغێکدا ئەو زیادەیە بکرێت. شایانی باسە کە لانی کەمی کرێ لەئێستا ١١,٤٠$. جێی ئاماژەیە کە ویلایەتی نیۆیۆرک لە ٢٠٢١ و کالیفۆرنیا لە ٢٠٢٢ و سانفرانسیسکۆ و زۆرێک لە ویلایەتەکانی ئەمەریکاش لەژێر فشاردان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کرێی کرێکار بۆ ١٥$.

گاڵن وێستن، ملیاردلێرو بەرپرسی لابلاس( Loblaws)لە کەنەدا، کار بۆ ئەوە دەکات کە هەوڵێکی حکومەتی کەنەدا لە ئۆنتاریۆ بۆ بەرزکرندنەوەی لانی کەمی کرێ بۆ پازدە( ١٥$) دۆلار لە کاتژمێرێکدا شکست پێ بهێنێت. ئەو خاوەنکارە ملیاردلێرە کەمپینێک و هێرشێکی گەورەی جەماوەری بەرێخستووە کە گوایە ناتوانێت ئەو پارەیە دابین بکات بۆ کرێکارەکانی. سەرباری ئەوەی کە هەر ساڵی پار گاڵن وێستن پێنج ملیۆن دۆلاری لە قازانجی کاری پار بردەوە بۆ خۆی بۆ ماڵەوە. گاڵن وێستن بە تەمای ئەوەیە کە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی ئۆنتاریۆ کاثلین وین ڕازی بکات کە پاشەکشە بکات لەو بەڵێنەی کە دابووی بۆ بەرزکردنەوەی لانی کەمی کرێ. بۆیە پیلانی ئەو سەرمایەدارە گەورەیە بۆی هەیە سەربگرێت ئەگەر ئێمە پەرچە کردارمان نەبێت. بۆیە سکاڵانامەیەکی پشتگیری ئیمزا کراو لە لایەن خەڵک و کرێکارانەوە شتێکی باش دەبێت کە وا دەکات سەرۆک وەزیرانی هەرێمی ئۆنتاریۆ، هەروەها لیبراڵەکانیش بزانن کە دەنگدەرەکانیان پشتگیریان دەکەن لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیاندا لەبەرامبەر کۆمپانیاو سەرمایەدارەکاندا. بۆیە هەرچی زووترە دەبێت وەخۆکەوین پێش ئەوەی کۆمپانیاو سەرمایەداری زۆرتر بێنە ناو ئەو کامپینەی گاڵن وێستن ەوە لەپێناو پەکخستنی بڕیاری سەرۆک وەزیرانی ئۆنتاریۆ. بۆیە هەرچی زووە سکاڵانامە ئیمزا بکەن وە بینێرن بۆ حکومەتی لیبراڵەکان لە ئۆنتاریۆ کە نیشانی بدات دەنگدەران بەرزکردنەوەی لانی کەمی کاریان گەرەکە. شایەنی باسە کە گاڵن وێستن داهاتی ئێستای مەزەندە دەکرێت بە دە ملیارد دۆلار، کەچی هێشتاش پێی ڕەوانیە کە کرێکارەکانی هەقی ڕەوای سەعات کاری خۆیان وەربگرن. بەرێز وێستن تەنها لە دوو ڕۆژدا دوو ئەوەندەی کرێکارێکی خۆی دەست دەکەوێت کە ئەو کرێکارە لە تەواوی ساڵێکدا پێی دەدرێت. بۆیە ئەو دەتوانێت کە سێ دۆلاری تر زیاد بکات بۆ سەعات کاری کرێکارەکانی .وە بەرێز وێستن خۆی ئەمە باش دەزانێت.

وەرنە مەیدان لە دژی کۆمپانیاو سەرمایەدارە چاوچنۆکەکان لە ئۆنتاریۆدا و کۆتایی بهێنن بە کاری برسی کردنی کرێکاران .تێبینی : تا ئێستا 11,268 کەس سکاڵانامەی ئیمزا کردووە پێویست بە پازدە هەزارە...

# هێزی چینی کرێکار لە ڕێکخراوبوونیدایە!

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# ڕژێمی ئیسلامی ئێران بەردەوامەلە لەسێدارەدانی مێرمندالان

**نووسینی: عەبدولرحمن ڕەسوڵ**



مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە، پێویستە هەمیشە مافەئینسانییەکانی مرۆڤ بپارێزرێت وبەرگری لەتەواوی ئازادی ومافەکانی مرۆڤ بکرێت، بەڵام لەژێرسایەی سیستەمی ئایینی ئیسلامیدا لەئێران ولەژێردەسەلاتی مەلاکانی ئێراندا ڕۆژانە مرۆڤەکان بەتایبەت گەنجان ولاوان دەخرێنە زیندانەکانەوەو سوکایەتی وئەشکەنجە دەدرێن ومافەکانیان پێشێل دەکرێت لەبەرچاوی خەڵک لەسێدارە دەدرێن.

لەسەرەتایی مانگی گەلاوێژی ١٣٩٦ ڕێکخراوی بەناو مافی مرۆڤی ئێران کەناوەندێکی دەوڵەتییە، دانی بەوەدانا کەلەماوەی دوومانگی ڕابردوودا ١٠٠حاڵەتی لەسێدارەدان لەزیندانەکانی ڕژێمدا بەڕێوەچووە. ئەبێ ئەوەبزاندرێت کەئامارو داتاکانی ڕژێم لەم بارەیەوە هیچ چەشنە ئیعتیبارێکی نییە و ئامارەکان ورێژەی لەسێدارەکان زۆر لەوەزیاترن کە ڕێکخراوەکانی سەربەڕژێم دەیانخەنەڕوو بۆ خەڵک.

کۆماری کۆنەپەرستی سێدارەی ئیسلامی ئێران بەگرتنی شارومەندانی کورد، مافەسیاسی، کۆمەڵایەتی، مەدەنیەکانی کورد پێشێل دەکات. ئازادی ڕادەربڕین، مافی ژیانێکی ئازادو سەربەخۆ، ئەمنێتی تاکەکەس، هەڵاواردن، بێحورمەتی بەخەڵک، کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژانە پێشێل دەکات، هەروەها ئەشکەنجەی گیراوانی سیاسی ولەبەرچاونەگرتنی مافەکانیان بەئاشکرا دەبیندرێت.

کۆمیتەی پشتیوانی لەمافی مەدەنی، سیاسی و یاسایی (ڕامین حسێن پەناهی) لەڕاگەیاندنێکەوە کەڕایگەیاند کەوەزارەتی ئیتڵاعات بەنیازی ئەوەیەکە(ڕامین حسێن پەناهی) بەشاراوەیی بکوژێ یاخود ئێعدامی بکات. بەپێی سەرچاوەی ڕاگەیاندنەکان (ڕامین حسێن پەناهی) لە٢ی پووشپەردا درایە بەدەستریژی گولله لەلایەن هێزەکانی سوپایی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی سێدارەی ئێران دەست بەسەرو بۆزیندانی نادیار گوازراوەتەوە. سەرەڕای بەدواداچونی بەردەوامی بنەماڵەکەی وخانەوادەکەی سەردانیان بۆفەرمانگەوناوەندە ئەمنییەتییەکان بەڵام تائێستا چارەنووسی ناوبراو هیچ هەواڵێک نییە.

بەپێی هەواڵی ڕاگەیاندنەکان(عەلی ڕەزا تاجیک) تەمەنی پازدە ساڵی یەوە سزای ئیعدامی بەسەردا سەپابوو، سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وناوەندە نێونەتەوەییەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزاکەی، سەرلەبەیانی پێنج شەممە,١٩گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٦,لەزیندانی عادڵ ئابادی شیراز ئیعدام کرا. ناوبراو بەتۆمەتی دەستدرێژی وپاشان کوشتن دەست بەسەروسزای ئیعدامی بەسەردا سەپا.

بەپێی هەواڵەکان بەرەبەیانی شەممە١٤ی گەلاوێژ ساڵی ١٣٩٦ دوو بەندکراوی کورد بەناوەکانی (سەعید پورهورموزی جەعفەر، خەڵکی شاری نەغەدە، حسین شاهینی، خەڵکی گوندی کوسی ورمێ) بەتۆمەتی بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکان لەزیندانی ناوەندی شاری ورمێ لەسێدارەدران.

ڕۆژی چوارشەممە٤ی گەلاوێژ دوو بەندکراوی بەتۆمەتی بازرگانی بەماد ەهۆشبەرەکان بەناوەکانی (فەرهاد موسازادە،داود ماڵدار) هەروەها زیندانێکی تر تۆمەتبار بەکوشتن بەناوی (فەتاح ئەمینی) لەزیندانی ناوەندی ورمێ ئیعدام کران.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی مانگی پوشپەڕ ناوەندی ئاماری "سازمانی مافەکانی مرۆڤی ئێران" ڕایگەیاند کە توانیویەتی ٢٣٩ ئێعدام لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧دا تۆمار بکات، کە ١٢ کەسیان بە بەرچاوی خەڵکەوە بووە. پێویست بە وتنە کە لەم نیوەی ساڵدا، ئێعدامی ٣ منداڵ کە لەژێر تەمەنی١٨ساڵیدا تاوانیان ئەنجام دابوو تۆمارکراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان کەبڵاوکراوەتەوەشەممە،١٧ی پووشپەری ١٣٩٦ی هەتاوی لەگرتووخانەی ناوەندی شاری ورمێ لەرۆژهەڵاتی کوردستان، ٤هاوڵاتی کوردوتورک لەسێدارەدران.

١٩ی پووشپەری ١٣٩٦ لەزیندانی مهاباد هاوڵاتێک بەناوی|(شێخ موراد ئیبراهیمی)خەڵکی پارێزگای لوڕستان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسێدارەدرا.

چوارشەممە ٢١پووشپەری ١٣٩٦ زیندانیەکی کورد بەناوی (برزووشێخی لوتف علی کەخاوەنی بڕوانامەی ماستەر(کارناسی باڵا) ی ئاماروماتماتیک لەبەندیخانەی ناوەندی ورمێ ئێعدام کرا.

شەممە ٢٤ی پووشپەری ١٣٩٦ دوو هاوڵاتی بەناوەکانی (ماشەڵڵا سەیدنەوین) خەڵکی ورمێ (موحەمەد ڕەزاسامێ) خەڵکی ئاوایی کانی ڕەشی ورمێ بۆماوەی سێ ساڵە لەبەندی ١٥ی گرتووخانەی ناوەندی ورمێ ڕاگیرابوو، لەسێدارەدران. لە٣١ی پووشپەری ١٣٩٦ دووزیندانی بەناوەکانی (ئیرەج قوبادی) خەڵکی کوهدەشت و(کاووس مەلێکی) خەڵکی ئەلیگودەرز لە گرتووخانەی پارسیلۆنی خوڕەماوا لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسێدارەدران.

ئێعدامی زیندانیانی ئاسایی و سیاسی لە زیندانەکاندا، ئێعدامی تازەلاوانی ژێر ١٨ ساڵ، ئیجرای مەراسمی ئێعدام بە بەرچاوی خەڵکەوە، شەلاق لێدان لەبەرچاوی خەڵک، توندکردنەوەی گوشار بۆسەر هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە جەماوەری و کۆمەڵایەتیەکان، دەرکردنی حوکمی زیندانی درێژماوە بۆ کەسانێک کە لە چوارچێوەی چالاکیە عەلەنی و تەنانەت یاساییەکاندا کاریان دەکرد، لەوانە هەڵسوڕاوانی کرێکاری، وێبلاگ نووسان و هەڵسوڕاوانی بواری...

بۆ لاپەرە ٩

# درێژەی....چی بکەین لەبەرامبەر ئاستەنگە نێودەوڵەتیەکانی ...

ئەمریکا. ئەم سیاسەتەی دەڵێ " خەڵکی کوردستان ناتوانن خۆیان بپارێزن و ئەمریکاش ئامادەنابێ بیانپارێزێ ئەگەر بەگوێی نەکەن"، سیاسەتی کردنی سەربەخۆیی کوردستانە بە قوربانی بەرژەوەندی ئەمریکا. بە پێچەوانەوە پێویستە خەڵکی کوردستان بە باوەڕ بون بەوەی بەهێزی خۆی و هێنانە مەیدانی ئیرادەی خۆی دەبێ بە شوێن پەیداکردنی فرسەتەوە بێت بۆ سەپاندنی مافی رفراندۆم و سەربەخۆیی بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و فشارهێنان بۆ ئەمریکاش کە ئەم مافە بسەلمێنێ.

لە ئێستادا ڕێگای عەمەلی و خێرا بۆ بەدیهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی و سەلماندنی مافی خەڵکی کوردستان لە رفراندۆم و سەربەخۆییدا چاوەڕوانی گۆڕانی سیاسەت و بەرژەوەندی ئەمریکا و ئەوروپا و ڕوسیا و وڵاتانی ناوچەکە نیە بەڵکو کردنە ئەمری واقیعی رفراندۆم و سەربەخۆییە. واتە دەبێ وەک خەڵکی کوردستان خۆمان رفراندۆم بکەین تا وەک ئەمری واقیع دانمان پێدابنرێ و لێرەوە فشاربهێنین کە مافی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆمان بۆ بەڕەسمی بناسرێ لەلای نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

ئێمە دەبێ کاربکەین لە پێناو پراتیک کردنی ئەو هەڵوێستەی ڕوسیا کە مەسەلەی رفراندۆم لە چوارچیوەی یاسا نێودەوڵەتیەکاندا دابنرێ و بەپێی بەپێی مادەی ٢,١ و □ ی گەڵاڵەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و و مادەی □ی بڕیارنامەی ئەنجومەنی گشتی ٤□٥□ ی ٤□کانوونی یەکەمی ٦٠□□ و ICESCR , CCPR، خەڵکی کوردستان مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی هەیە لەبەرئەوەی قوربانی جینۆساید و داگیرکاری بوە لە سەدەی ڕابردوودا و ئێستاش دەستوری عێراق ناسنامەی عەرەبی سەپاندوە بەسەر دەوڵەتی عێراقدا و ڕێگا چارەی فیدرالیەکەی شکستی خواردوە ، هەربۆیە هیچ زەمانەتێک بۆ دوبارەبونەوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و شۆڤینیستی دەوڵەتی عێراق و تەنانەت هێرشی دەوڵەتانی ئێران و تورکیاش بۆ سەر کوردستان نیە. وەک ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان ئەم خواستەمان ئاراستەی نەتەوەیەکگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپا کردوە و هەوڵدەدەین لە کوردستان و لەدەرەوەی وڵات پشتیوانی حزب و پەرلەمان و حکومەت و ڕیکخراوە ئینساندۆستەکان و یەکێتیە کرێکاری و جەماوەریەکانی بۆ ڕاکێشین.

ئاستەنگێکی نێودەوڵەتی تری رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان پاساوێکی تری ئەمریکا و ئەوروپا و وڵاتانی تر ئەوەیە کە رفراندۆم و سەربەخۆیی تەنیا لە ئاستی کوردستانی عێراقدا نامێنێتەوە و کاریگەری لەسەر ناوچەکە دادەنێ. ئێمە دەڵێین ئەم ڕاستیە دەبێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو چارەسەری ئەم کێشەیە پاڵ پێوە بنێ نەک پشتگوێخستن و دژایەتی کردنی. خەڵکی کوردستان لەم ناوچەیەدا نابێ چیتر ستەمی لێبکرێ و ڕێگەشی پێ نەدەن کەداوای لاچونی ئەو ستەمە بکات لەبەرئەوەی کە لە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەدا نیە کە خەڵکی کوردستان سەرکوت دەکەن.

بەم پێیە دەبێ داوای کۆنگرەی نێودەوڵەتی بکەین لە ڕوسیا و ئەمریکا و ئەوروپا و نەتەوەیەکگرتوەکان سەبارەت بە مافی رفراندۆم و سەربەخۆیی لە عێراقدا و چارەسەری کێشەی کورد لە ناوچەکەدا. پێویستە ئەم مافانە وەک بەشێک لە یاسا نێودەوڵەتیەکان بۆ خەڵکی کوردستان بەڕەسمی بناسرێ، تاکو چیتر ڕێگری لە بەرپاکردنی رفراندۆم و سەربەخۆیی نەکرێ و داوای دواخستن و سپاردنی بە مەحاڵ نەکەن. پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم پێداگریەی خەڵکی کوردستان لەخواستی رفراندوم و سەربەخۆیی و ئەم چاوەڕوانیەی لەخۆی ببینێ تاکو بزانێ کە ئەم خەڵکە ناتوانن چیتر بەدیار خۆشباوەڕی و فریودان و کردنیان بەکارتی فشارەوە لە کۆریدۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دابنیشن .

بەڵکو پێویستە دەزگا نێودەوڵەتیەکان بزانن کە خەڵکی کوردستان وەک خەڵکی فەلەستین ، تەیموری ڕۆژهەڵات ، باشوری سودان ، کۆسۆڤۆ ، بیابانی ڕۆژئاوا و چەندین شوێنی تر دەیانەوێ ماف و مەسەلەکەیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەڕەسمی بناسرێ و مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان لە سەر کێشەکەیان بکرێ و کاری جدی بکا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

خەڵکی کوردستان دەبێ چۆن خۆی لە رفراندۆمێکدا بڕیار لەسەر سەربەخۆیی دەدا و نەک حزبەکان دیسان بڕیاری فاشلی تریان وەک فیدرالی و ئۆتۆنۆمی و کۆنفیدرالی بەسەردا بسەپێنن، پێویستە لە چاوەڕوانی لە کۆنگرەی نەتەوەیی حزبە ناسیونالیستەکان نەبێ کە داوای ئەم کۆنگرە نێودەوڵەتیە بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. بێگومان کۆبونەوەی حزبەکانی کوردستان لەدەوری ئەم خواستەی رفراندۆم و سەربەخۆیی و داواکردن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەڕەسمی ناسینی کارێکی پێویستە بەڵام ئەمە نابێ لە چوارچێوەی ئەو کۆنگرە ناسیونالیستیەدا بێ کە پارتی و پەکەکە شەڕیانە لەسەر باڵادەستی تیایدا و هەرکامەیان دەیەوێ ئەجیندا و سیاسەتی ناوچەیی خۆی بەسەر حزبە بەشداربوەکاندا بسەپێنێ و هیچ کات ڕێگا چارەی رفراندوم و کارکردن بۆ سەلماندن و جێبەجێکردنی مافی جیابونەوەی خەڵکی کوردستان نەبوەتە ئەجیندا و بەرنامەی ئەم جۆرە کۆنگرە و کۆبونەوانە. بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی و کردنی سەربەخۆیی کوردستان بە ئەجیندا و بەرنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان هەنگاوێکی جدی و چارەنوسازە بۆ بەڕەسمی ناسینی مافی سەربەخۆیی و لابردنی ئاستەنگە نێودەوڵەتی وناوچەییەکانی. ئەم ئامانجە پێویستی بە هەوڵی هەموو خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسی و جەماوەریەکانە و ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان کار لە پیناو کۆکردنەوە و هێنانەمەیدانی ئەو هێزە جەماوەریە بۆ سەرخستنی خواستی خەڵکی کوردستان لە سەربەخۆیی دەکا.

**ئاسۆکمال**

**١٤/٧/٢٠١٧**

# نەخێر لە ئێستادا، تەنها بەخێرە بۆ ئێستا و هیچیتر!

## نووسینی: ڕێبوار ئەحمەد

"نەخێر لە ئێستادا" ناوی کەمپینێکی "نەخێر" وتنە بۆ جیابونەوەی کوردستان لەو ڕیفراندۆمەی کە بڕیارە لە ٢٥ی سەپتەمبەر بەرپابکرێت. هەرچۆنێک بێت لۆجیکێک لەوەدا هەیە کە بە بەڵگە گەلێک لایەنێک بڵێ؛ لە ئێستادا لەگەڵ ڕیفراندۆم نیم؛ کاتەکە گونجاو نیە، ئەو مۆڵەتەی دانراوە بۆ ئامادەکاری و ئاشنابوونی خەڵک بە بەدیلەکان کەمە و دەبێ درێژبکرێتەوە، یان بە بەڵگەوە نیشانبدرێت کە پرەنسیپەکانی ریفراندۆمی واقعی رەچاونەکراوە. بەم پێیەش دەبێ بگات بە هەڵوێستی بایکۆت و هەوڵدان بۆ ناکام کردنەوەی ریفراندۆم. تەنانەت ئەو بۆچونەش کە دەڵێ ئەمە ڕیفراندۆمی پارتی و بارزانی و یەکێتیە و مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە لە بەرپاکردنی ..و...هتد، لەگەڵ نادروستبوونی و لەگەڵ ئەوەی ریفراندۆم مافی خەڵکە و بێگومانیش وەکو ڕێگا و ئامرازێک هەر حزب و بزووتنەوەیەک لە خزمەت بە ئامانجە سیاسیەکانی خۆیدا پەنای بۆ دەبات، بەڵام دیسان بەپێی مەنتق ئەم بۆچونەش هەر دەبێ بانگەشە بۆ بایکۆتی ریفراندۆم و خەبات بۆ ناکام کردنەوەی بکات نەک بەشداری و "نەخێر" وتن. ئەوەش مەنتقێکی ترە کە لایەنێک بە بەڵگەوە باسی ئەوە بکات کە جیابونەوە بە زیانی خەڵکی کرێکار و ئازادیخوازی کوردستان و مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا بە قازانجترە و لەسەر ئەم بنەمایە بانگەوازی خەڵک بکات بۆ "نەخێر" وتن بە جیابونەوە، بەڵام هیچ لۆجیکێک لەوەدا نیە چ بەو بەڵگانەی باسکران و چ بە هەر پاساوێکیتر هانی خەڵک بدرێت کە برۆن لە ڕیفراندۆم بەشداری بکەن و بڵێن نەخێر بۆ جیابونەوە لە ئێستادا. چونکە:

یەکەم؛ بەشداری خەڵک بەدەرلەوەی "نەخێر" دەیباتەوە یان "بەڵێ" شەرعیەت بە ریفراندۆم دەدات. ئەوکاتیش مانایەک بۆ "لە ئێستادا و لە داهاتودا" نامنێتەوە، دەبێت بە چارەنوسی هەڵبژاردەی خەڵک. ریفراندۆم لە کوردستان وەکو ریفراندۆم لە (کیوبک) نیە کە خەریکە دەبێتە سالانە کەچی نیوەی دنیا وەکو هەواڵیش بۆیان مەسەلە نیە. ئەمە حوکمێکی تیئوریک نیە بەڵکو عەمەلەیە، لە کوردستان و مەسەلەی کورددا سەدویەک جەمسەر و دەوڵەت و حزب و بزووتنەوە و فاکتەر دەخیلە، بۆیە زیاتر لە نیوسەدەیە کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئارادایە و شەڕ و کێشەی لەسەر دەکرێت، بەڵام ئەوە یەکەمجارە کە خەریکە بە کردەوە ریفراندۆمێک بۆ خەڵکی کوردستان مەیسەر دەبێت و هێشتاش بە تەواوی دیارنیە کە دەیەڵن سەربگرێ یان نا؟ بۆیە ئەو چارەنوسەی بە "نەخێر" هەڵدەبژێردرێت وەکو لە وەڵامی مەریوانی وریا قانعدا باسم کردووە؛ دواتر ئەگەر گۆڕینی مەحاڵیش نەبێت لانی کەم لەم بڕگە مێژوییەدا زۆر سەخت و دژوارتر دەبێت تا هەلێکیتر بکەوێتە دەستی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵبژاردەیەکی تر.

دووەم؛ بمانەوێ یان نەمانەوێ لە ئێستادا "نەخێر" ئەکاتە "بەڵێ" بۆ فیدرالیزمی قەومی کۆنەپەرستانە و شکستخواردوو. لایەنگرانی "نەخێر لە ئێستادا" ئەتوانن بە بەڵگەوە ڕوونیکەنەوە کە باشی دۆخی ئێستا لە چیدایە و چۆن "نەخێر" وتن بە قازانجی خەڵکە؟! ئەم بەرێزانە وای رادەگەیەنن کە ئەوان دژی سەربەخۆیی نیین بەڵکو دژی ئەم ریفراندۆمەن، بەڵام هەڵوێستەکەیان ڕێک بە پێچەوانەوە لە ریفراندۆم بەشداری دەکەن و بەم جۆرەش ریفراندۆمەکە قبوڵ دەکەن و شەرعیەتی پێدەدەن، بەڵام بە نەخێر بۆ سەربەخۆیی دەنگدەدەن.

بەڕێوەبەرانی ئەم کەمپینە بە هەمان ئەو مەنتقە تەکفیریەی کە دەڵێ "ئەوەی بە نەخێر دەنگبدات ناپاکە" هەرچی خەتای دەسەڵاتی ستەمکاری ئێستا هەیە دەدەنە پاڵ هەموو لایەنگرانی "بەڵێ" و لیستێک لە شانازی و شەهامەتی بۆشوبەتاڵیشیان بۆ خۆیان ڕازاندوەتەوە. ئەوان لە بەیانەکەیاندا دەڵێن *" بەرەی (بەڵێ) ئەو حیزبانە پێکیانهێناوە کە لە دوای ڕاپەڕینەوە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبەن و یەکێک لە ناشیرینترین نمونەکانی حوکمڕانیان لە مێژوی مرۆڤایەتیدا بەسەر ئەم گەلەدا سەپاندوە"*

ئەم بەڕێزانە کە بە هەمان مەنتقی حزبە دەسەڵاتدارەکان تەفرەدان و خۆڵکردنە چاوی خەڵک پیڕەوی دەکەن، بێدەربەستانە ئەو ڕاستیە دەشارنەوە کە کاتێک کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕێگاچارە و بەرەی "بەڵێ"ی بۆ جیابونەوە سازدا، زۆرێک لە کەسە سەرەکیەکانی ئەم کەمپینە لە پاڵ بزووتنەوەی کوردایەتی و حزبانەکانی بوون کە بەڵێ بۆ جیابونەوەیان بە تاوان و مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد تاوانبار دەکرد. ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم کەمپینە لەگەڵ ئەو حزبە ستەمکارانە نەوەی یەک دایکە گەورەی نەتەوەپەرستی کوردن. ئایا دەتوانن زەحمەت بکێشن و بۆ خەڵکی ڕوونکەنەوە کە لەو مێژووە درێژەی کۆمۆنیزمی لایەنگری جیابونەوەی کوردستان لە کێشمەکێشی بەردەوامدا بوو لەگەڵ ئەو حزبانەی "ناشرینترین نمونەی حوکمرانیان سەپاندوە" لەسەر سەربەخۆیی کوردستان، لەسەر مافی ژنان، لەسەر مافی کرێکاران و بێکاران، لەسەر ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان، لەسەر شەڕی ناخۆ، لەسەر چەکدارکردنی منداڵان، لەسەر ژیانی ئاوارەکان، ....پێکهێنەرانی ئەم جوڵانەوەیە لە کوێ ڕاوەستابوون؟!! کە ئەمرۆ ڕێگا بە خۆیان دەدەن بەبێ جیاوازی ئێمە و هەزاران هەزار خەڵکی ئازادیخواز بخەنە پاڵ ئەم ناشرینترین نمونەیەی حوکمڕانی؟!

بەرێوەبەرانی ئەم کەمپینە وەکو ئەوەی دۆم بێت و کڵاش بۆ خۆی بچنێت لیستێکی شانازیان بۆ خۆیان چنیوە و دەڵێن:

***" هەرچەندە، نەخێر لە ئێستادا، واتە نەخێر بۆ ئەزمونی شکستخواردوی حکومەتی هەرێم; حکومەتی کلیپتۆکرات "دەسەڵاتی فەرهودچی" و میرەکانی جەنگ و بازرگانەکانی سیاسەت! نەخێر، واتە نەخێر بۆ دەستەبژێری سیاسی دەسەڵاتدار: ئەو دەستەبژێرەی کە سەلماندیان جگە لە کارەسات و نەهامەتی وماڵوێرانی هیچیتریان پێ نیە پێشکەشی ئەم گەلەی بکەن! نەخێر لە ئێستادا، واتە نەخێر بۆ هەژاری و نەهامەتی و ململانێی چەکداری و شەڕ و کوشتار و خوێن ڕشتن"***....بەڵام چۆن و بە کام مەنتق بە نەخێرێک بۆ جیابونەوە ئەم شۆڕشە مەزنە ڕوودەدات؟!



نەخێر بۆ جیابونەوە هیچ مانایەکی نیە جگە لەوەی کە دۆخی ئیستا وەکو خۆی بمێنێ. یانی کوردستان بە فیدراڵیزمی شکستخواردوی قەومی لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە. ئەمانە لە کاتێکدا لە بەیانەکەیاندا دەڵێن ***"ئەو دەستەبژێرەی کە سەلماندیان جگە لە کارەسات و نەهامەتی و ماڵوێرانی هیچیتریان پێ نیە پێشکەشی ئەم گەلەی بکەن"***، بەڵام رابەری کەمپینەکەیان لە هۆڵی تەلاری هونەری سلێمانی چەند جار دەستخۆشانەی لەم حزبانە کرد سەبارەت بەوەی کە ***"تا ئێستا زۆر کاری باشیان کردووە، بەڵام ئیتر دەبێ نۆرە بدەن بە خەلکی تر"***. بەڕێوەبەرانی ئەم کەمپینە ئەم ناکۆکیە چۆن پینە دەکەن.

ئەم کەمپینە دەستیان بە گەلێک پەتی رزیوەوە گرتووە لەوانە پاکانە کردن بۆ کاری چەپەڵی حزبە میلیشیاییەکان بە ناوی ***"تا ئیستا زۆر کاری باشاین کردوە"***، خۆشباوەڕکردنی خەڵک بە دەستەمۆیی و چاولەدەست بوون بۆ ئەمریکای رابەری تیرۆریزمی دەوڵەتی و جەنگ و ملهوڕی وکۆنەپەرستی و وێرانکاری تا دەوڵەتی سەربەخۆیان پێشکەش بکات، بانگەشە کردنی خەڵک بۆ دورکەوتنەوە لە شۆڕش کە تاقە ڕێگای هەڵپێچانی دەسەڵاتی ئەم حزبانە و دامەزراندنی دەسەڵاتی پشتبەستوە بە ئیرادەی خەڵک، ستایش کردنی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆنەپەرستانی ئیسلامی کە چەندین ساڵە و ئێستاشی لەگەڵ بێت، هەم لە دەسەڵات و هەم لە ئۆپۆزیسیۆندا ساتوسەودا بە خەبات و خوێنی خەڵکی بەدەنگهاتوی کوردستانەوە دەکەن، تا پەخشانەوەی گیانی نەتەوەپەرستی کۆنەپەرستانە. لەوانەش نارەواتر لە جیاتی بەرپەرچدانەوەی هەرەشەی ملهوڕانەی تورکیا و ئێران و عێراق..و.. تەسلیمبوون بەو هەرەشانە مەوعیزە دەکەن. تەنانەت قسەکەرانی ئەم کەمپینە کاریان گەیاندوە بەوەی بە سەمپاتیەوە باسی هەرەشەکانی عەبادی دەکەن و بەڵگە بۆ ڕەوابوونی دەهێننەوە. هەر ئەوە ماوە دەستبەدامانی حەشدی شەعبی بن تا پەلاماری کوردستان بدات بۆ ئەوەی خەڵک چاوترسێن بن و ریفراندۆم سەرنەگرێت...هتد

رابەری ئەم کەمپینە بانگەشە بۆئەوە دەکات کە ئەلتەرناتیو ئەوەیە " هەموو پیاوە مەرد و ئافرەتە ئازاکانی ناو پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ بێنە دەرەوە و هاوپەیمانیەکی تازە دروست بکەن" ئەمە زۆر لەوە ساویلکانەترە کە بە جدی بگیرێت و وەڵام بدرێتەوە. بەرەیەک کە نەک لە دەوری ئەلتەرناتیوی بەرنامە و ئاسۆی سیاسی، بەڵکو لە دەوری "مەردی و ئازایەتی" بانگەشەی بۆ بکرێت لەسەردەمی بەسەرچونی دەرەبەگایەتیەوە ئیکسپایەربووە. ریزبەندیە سیاسیەکان لە دەوری بەدیل و ئاسۆ سیاسی و چینایەتیە جیاوازەکان شکڵدەگرن. هەر لەسەر ئەم بناغەیەش هیچ شتێک لەوە فریوکارانەتر نیە میلیاردێرە خاوەن کۆمپانیاکان کە قەڵای سەروەتیان لەسەر بنەمای چەوسانەوە و هەژاری دەیان هەزار کرێکار و زەحمەتکێش راوەستاوە، " ***نەخێر بۆ هەژاری و نەهامەتی" بڵێن و*** فرمێسک بۆ نەهامەتی و هەژاری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش هەڵوەرێنن. دەکرێت دۆخی ئێستا و فیدراڵیزم خزمەت بە بیزنسی ئەوان بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە بۆ جەماوەری کرێکار و ستەمدیدە جگە لە دەردەسەریەکی زۆرتر هیچ ئیجابیەتێکی نیە.

"نەخێر لە ئێستادا" جگە لە بەڵێ وتن بۆ ئەم دۆخەی ئێستا کە چەند ملیۆن خەڵکی لە ناو گێژاوێکی گەورەدا راگرتووە، هیچی ترنیە. لە ڕاستیدا نە "بەڵێ' و نە "نەخیر" بۆ جیابونەوە، هیچیان خۆی لە خۆیدا دەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچی ئێستا لە کۆڵ خەڵک ناکاتەوە، هیچیان خۆی لە خۆیدا هیچ یەک لە بڕیارە قەرەقوشیەکانی ئەم دەسەڵاتە هەڵناوەشێننەوە، خۆی لە خۆیدا نان و ئاو و کارەبا و هیچ خزمەتگوزاریەک بۆ خەڵک مسۆگەر ناکەن، سەرکوتی ئازادی کۆتایی ناهێنن، ئەوەی ئەم جۆرە خۆشباوەڕیانە دەبەخشنێتەوە جگە لە خۆڵکردنە چاوی خەڵک هیچی تر ناکات. نەخێر وتن لە ئیستادا تەنها مانای بەڵێ وتنە بۆ ڕاگرتنی کوردستان لە گێژاوی ئێستای فیدرالیزم و شەڕ و کێشەی قەومی و یاریکردن بە خواست و ژیان و چارەنوسی خەڵک لە نێوان بەغدا و هەولێردا. بەڵام "بەڵێ" بۆ جیابونەوە دەتوانێ لانی کەم ڕێگابکاتەوە بۆ دەرچون لەم گێژاوە و بەسکردنی سەرمایەگوزاری سیاسی ئەم حزبە قەومیە ستەمکارانە بە مەسەلەی کوردەوە. هەر بەم جۆرەش هەلومەرجێکی لە بارتر پێکبهێنێت بۆ پەرەگرتنی خەباتی جەماوەری کرێکار و ئازادیخواز. خەباتێک کە تاقە ڕێگایە بۆ کۆتایهینان بە نەهامەتیەکانی ئێستا. کارکردن بە ئاراستەی لە باربردنی ئەم دۆخەی بۆ دەرچون لەم گێژاوە و کۆتاییهاتنی کێشەی کورد پێکهاتووە، هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە.

**ناوەراستی ئابی ٢٠١٧**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## گۆشەی لەگەڵ NRT

**بەرنامەی دووجار بیر بکەرەوە** بەرنامەیەکی هەفتانەی کەناڵی ئێن ئارتی یە، کە هەرجارە بابەتێک هەڵدەبژێرێت و چەند کەسێک بانگهێشتی بەرنامەکە دەکەن... دیارە زۆر دەگمەن کەسانی چەپ و کۆمۆنیست، یان بێلایەن لەم بەرنامەیدا بەشداری دەکەن... بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئێمە لەهەر ژمارەیەکی بۆ پێشەوەدا، بەشداری یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی بەرنامەکە دەکەین... تا کۆمەڵگا بە بۆچوون و دیدی تر ئاشنا بکەین...

**لەم ژمارەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەدەینەوە، تەوەرەی بەرنامەی بەرواری ٧/٨/٢٠١٧**

**ئایا حکومەتی هەرێم لە ئێستادا چارەسەری پێیە بۆ کۆچکردنی هاوڵاتیان؟**

**ئەم گۆشەیە عەبدوڵا مەحمود دەینووسێت**



### ئایا حکومەتی هەرێم لە ئێستادا چارەسەری پێیە بۆ کۆچکردنی هاوڵاتیان؟

بەراستی پرسیارێکی بێ جێگاو نالۆژیکی و نا رۆژنامەگەرییە. حکومەتی هەرێم!! نە لە رابردوو نە لە ئێستاو نە لەداهاتوودا، ناتوانێت و نەیتوانییوە دەست بەرداری ئەو هێرشە بێت، کە هۆکارە بۆ راکردنی خەڵکی و ئەو سامانە ئینسانییە زۆرو زەوەندەی کۆمەڵگەی کوردستان. بەرێوەبەران و ئەندازیارانی سازدانی ئەو بەرنامەیە خۆیان باش دەزانن، کە خەڵکی کوردستان بەتایبەتیش لاوان، لەدەستی ئەم دەسەڵاتە تاڵانچی و میلیشیایی و موچەبر و ئازادی کوژ و خەون کوژە، رادەکەن، کەچی پرسی چارەسەری ئەو دۆخە لەلایەن حکومەتەوە دەکەنە تەوەرەی بەرنامەکەیان.

راکردنی خەڵک هەڵبژاردنێکی دڵخوازانە نییە، گرتنەبەری رێگایەکی ناچارییە، لەبەرامبەر بە هێرشی بەردەوامی دەسەڵاتی میلیشییایی و مافیایی بزوتنەوەی کوردایەتیدا.

خەڵکی کوردستان بۆیە ناچارن کوردستان جێ بهێڵن، چونکە ژیان و گوزەرانی ئێستایان، ئایندەی خۆیان و منالّەکانیان، خەونی لاوان و تازە لاوان، کوشتار کراوەو دەکرێت. لە وڵاتێکدا، نان نەبێت، نان یانی کار، موچە، دامەزراندن، خزمەتگوزاریی، ئایندەی خوێندن، بیمەی بیکاری و تەندروستی... و دەیان ویستی سەرەتایی تر نەبن، واتە ژیان نییە. ئەوەی لە کوردستان هەیە دۆزەخێکی مەرگچین و جینۆسایدیکی پلەپلەی ئاشکرایە. کۆمەڵێک مافیای خاوەن هێزی چەکداری و لوشدەری هەموو داهات و سامانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەوەی رێزی بۆ دانەنێن ئینسانە. ئەوەی بیری لێنەکەنەوە مافە، ئەوەی بەخەیاڵیاندا نایەت دارمانی شکۆی تاکەکانیەتی. ئەوەی لەدەستیان بێت، بۆ کوشتنی خولیاو خەونی هاوڵاتیان دەستی لێناپارێزن. لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی ئاوادا، ئاساییترین دیاردە ئەوەیە خەڵک بۆ دەست راگەیشتن بە ژیان، شوێنی نیشتەجێ بون و بێ ژیانیان جێ بهێڵن.

خەڵکی کوردستان لەسەر دەریای نەوتن و فرۆشتنی نەوت رۆژنە ملیۆنیک بەرمیلە، کەچی خەڵکەکەی دەبێ تا دەیان ساڵی تر بچنە ژێر قەرزی فرۆشتنی نەوتی!! دەسەڵاتی تاڵانچیەوەو خۆشیان موحتاجی دەبەیەک نەوت و بەنزین و گاز و غاز بن. خەڵکی کوردستان سۆماڵ و سودان نییە وشکە ساڵی بیهارێت، کەچی کەرتی کشتوکاڵی داروخاوە، ئاوی خواردنەوە دەستکەوتنی قورسە. ٢٦ ساڵە دەسەڵات لە کوردستان بایی کارەبای هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراست بودجەی بۆ کارەبا تەرخانکردووە، کەچی تا ئێستا کارەبا بۆتە خەونێکی وەدی نەهاتوو لە ناو چراغانی ڤیلاو باغی بەرپرسە دزەکانی کارەباو نانی هاوڵاتیاندا. مەرگی روداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی خراپی رێگاو بانەکانەکان، ئامارێکی ناوازەیە لە گیانکیشانی ئینسان. خوێندن و پەروەردە بەتەواوی دارماوە و ئایندەی دەرچووە و یەکەمەکانی هەرێم بەو حاڵەشەوە نادیارە، جا بگات بە دەرچوانی ئاسایی. دۆخی تەندروستی مەرگ هەژێنە، هێشتا بەهۆی نەبوونی دەرمانی زۆر سەرەتاییەوە، ژەهری دوپشک گیانی ئینسان دەکێشیت، لەرێگای هەڵەی چەند لە بارەی بێ لێپرسینەوەوە دکتۆرە چاو برسیەکان، چەندین کەس چاو و بینایان لەدەست دەدەن. بازاری کوردستان کراوەتە شوێنیک بۆ ساغکردنەوەی، خراپترین کاڵاکانی دنیا. لە هاویندا گەرما و لە زستاندا سەرما، هاوڵاتیانی هەژار و نەدار هەراسان دەکات. باسی مافە فەردی و مەدەنیەکان، بۆ هەموو ئینسانێکی هوشیار تەکاندەرە. فەرد لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتە بە ئاسانی دەتوانێت دارکاری ژن و منالّ بکات، ژن کوژی بکات، کەچی ماچ و خۆشەویستی نهێنیەو کوشتاری بەدواوەیە. ئازادی جل پۆشینی دڵخواز و ستایلی سەردەمی گێچەڵی لەگەڵە، چەند ژنە دەمەزەرد کراوەتەوە، دەستی دین ئاوەڵاکراوە خۆ بخزێنێتەوە وردو درشتی ژیانی سیاسی و یاسایی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەوە. یاسا میلیشیا بۆ هاوڵاتیانی سادە، بەزیادەوە پەیرەو دەکرێت، کەچی هیچ دزو تاڵانچی و گەندەڵچیەکی حزب و بەرپرس سزا دەستی پێی ناگات. ئازادی سیاسی و بیروباوەر لە نێو تەلبەندی پیرۆزییە نیشتیمانی و قەومی و دینی و رەمزو ئەخلاق و کەلتوردا، زیندانییە. ئەمانە ئەو هەلومەرجەن کە وای لە خەڵکی کردووە بەتایبەت لاوان بەناچاری رێگای دەربازبوون لە دۆزەخ و بەناو دۆزەخی دەیان مەترسییدا وەکو پۆلیسە پەروەردەکراوە مێشک شۆراوەکانی سنور و بەناو تەلی درکاوی و کیلّگەی ئەلغام و دارستانی هەوا بڕ و شەپۆلی بی رەحم و نەزانی دەریا و و ترێلە سەر قەپاتکراوەکاندا، رێگای هات و نەهات بگرنە بەر... بۆئەوەی بێ ژیانی جێ بهێڵن و دەستیان بە ژیان بگات.

ئەگەر لە وڵاتانی کەمێک کراوە و خاوەن ماف و ئازادیدا، خەڵک و لاوان، بەمەبەستی سەیران و گەشت، دەستکەوتنی زانیاری و بۆ خوێندن و زیاترکردنی پسپۆری یان بۆ پشودان، یان لە پێناو ژیانی باشتردا سەفەر و شوێنی ژیانیان بگۆڕن، ئەوا خەڵکی کوردستان لەدەست بێ ژیانی بەدوای ژیاندا وێڵن و ناچارن رابکەن. وە دەسەڵات و ئەوەی ئێن ئارتی پێ دەڵێت حکومەتی هەرێم، هۆکاری ئەو راکردنەی خەڵکن و تەنها بەدوای رێگاچارەسەرەوە نین، ئەوەی بۆیان گرنگ نەبێت، رۆشتنی خەڵک و جێ هێشتینی کوردستانە...

ئەم چارەنووسە، براوە نییە، رەها نییە، بێ رێگاچارەش نییە...دەکرێت پێچەوانە بکرێتەوە... ئێن ئارتی ئەگەر تۆزقاڵێک ویژدانی زیندووی بوایە، دەبوو بڵێ کام رێگاچارەسەر بۆ رێگەگرتن لە جێهێشتنی لاوان و خەڵکی کوردستان. رێگاچارە ئەوەیە خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی لاوانی نارازی و دڵ پر لەهیواو خاوەن خەون... رێگای تیکۆشان و خەبات هەڵبژێرن، بۆ گۆرینی ئەو جەهەنەمەی دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردی خولّقاندویەتی. جێهێشتنی کوردستان رێگاچارە نییە بۆ گۆرینی دۆخی نەخوازراوی هەرێم و بێمافیەکان. لاوان سەرمایەکی گەورەی داهاتوو و وە هێزی نەخشاندنی داهاتووی کۆمەڵگەن.

پێویستە لاوان بیر لە گۆرانکاری لێرە لە کورستان بکەنەوە، بە خەباتی بەردەوام و نەخشەمەندانەی خۆیان پاشەکشە بە دەسەڵاتی میلیشیایی بکەن و خواستە سادە ئیسانیەکانی خۆیان بەسەر ئەو دەسەڵاتەدا بسەپێنن و لەو درێژەی ئەو خەباتەشدا، هەڵپێچانی ئەو دەسەڵاتە بکەنە خولیایەک، بۆ لەدایک بوونی خەونی نوێتر و داهاتووی باشتر. ئەو هەموو قوربانیەی لەرێگای دەست راگەیشتن بە ئەوروپا و ئەمریکاو ئوسترالیادا، لە رێگا و دەریا و سنورەکاندا دراوە، دەیتوانی لە خەباتدا لەگەڵ هاوچارەنووسەکانیان لە کوردستاندا بۆ هەڵپێچانی ئەو دەسەڵاتە، ئەو دەسەڵاتەی ئێستای رەوانەی گۆڕستان کردبا.

بۆ ئەوەی ژیان و ژیانێکی شایستەی ئینسانی لە کوردستاندا، فەراهەم بێت، دەبێ ئەم دەسەڵاتە تاڵانچی و میلیشایی و سەرکوتگەر و ماف کوژە، بڕوات. ئەمە بەبێ خەباتێکی لێبراوانەو رۆشن و نەخشەمەندانەو رێکخراو کە لاوان رۆڵی بەرجەستەیان دەکەوێتە سەرشان، قابیلی بەدیهاتن نییە. با بە توردانی ئەم دەسەڵاتە، هیزەکانمان کۆبکەینەوەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و تەسەل و ئینسانی بنیات بنێین... ئەو کاتە گەشت و سەفەر و دنیا بینین مانایەکی تر پەیا دەکات و لە ناچارییەوە دەبێتە پێویستیەک بۆ ژیان.

---

## یادێک لە گیانبەختکردوانی رێگای ئازادی و سۆسیالیزم

بۆپێشەوە گۆشەیەکی کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە هەر ژمارەیەکیدا یادی یەکێک لەو تێکۆشەرانە بکاتەوە کە گیانی خۆیان بەختکرد لە پێناو ئازادی و سۆسیالیزم و خۆشبەختی مرۆڤایەتیدا. بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو کەسوکار و هاوڕێ و کەسانی نزیکی هەموو ئەو هاوڕێ و تێکۆشەرانەی کە لە دژی زوڵم و ستەم و چەوسانەوە تێکۆشاون و سەرئەنجامیش یان لەمەیدانی خەبات و رووبەرووبونەوەی چەوسێنەران و دەسەڵاتی ستەمکارانەیاندا گیانیانبەختکردووە، یان تیرۆرکراون یان بەهەر هۆیەکی ترەوە گیانیان لەدەستداوە، هاوکاریمان بکەن بە ناردنی وێنە و کورتەیەکی ژیان و خەبات و چۆنیەتی گیان لەدەستدانی هەر یەک لەو ئینسانە شەریف و تێکۆشەرانە. لەم بارەیەوە بۆپێشەوە هیچ سنورێکی رێکخراوەیی و فکری و سیاسی دانانێت بۆ بەرزراگرتنی یادی هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە بەشێک لە ژیانی خۆیان بۆ خەبات لە پێناو ئازادی و سۆسیالیزم و وەستانەوە دژی ستەم و هەڵاواردن و نەهامەتیەکانی سیستەمی سەرمایەداری تەرخان کردووە و بەم بۆنەیەوە یان بە هەرهۆیەکی ترەوە بێت گیانیان بەختکردووە و مۆمی تەمەن و خەباتیان کوژاوەتەوە. باشتر وایە یادکردنەوەی هەر یەکێک لەو تێکۆشەرانە هاوکات بێت لەگەڵ رۆژی گیانبەختکردنیاندا. هاوکاری کردنی ئەم گۆشەیە جێگای سوپاسی ئێمە و رێزنیشاندانە بۆ خەباتی ئەو ئازیزانە.

www.bopeshawa.net ....بۆپێشەوە

# سێ ستراتیژ و ڕیفڕاندۆم

## نادر عبدالحمید



**سەرەتا**

تا ئێستا لە ڕوانگە و گۆشەی جۆراوجۆرەوە باس لە ڕیفڕاندۆم و هەڵوێستی چەپ و کۆمۆنیزمی کوردستانی عێراق کراوە. ئەم وتارە لە ڕوانگەی ستراتیژە جیاوازەکانی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستان و عێراقەوە، ئەم مەسەلەیە دەخاتە بەر دیدی خوێنەران. هەڵوێستە جیاوازەکان (چ هاوڕابوونی پڕۆسەی ڕیفڕاندۆم و پێشوازیکردن لێی وە چ هاوڕانەبوون و ڕەتکردنەوەی) لە پەیوەند بە سێ (3) ستراتیژی جیاوازەوە لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستان و عێراقدا باس دەکات.

هەڵوێست بەرامبەر ئەم ڕیفڕاندۆمە دیاریکراوەی کوردستانی عێراق کە بڕیارە لە 25 ی سێپتێمبەری 2017 دا بەڕێوە بچێت، مەسەلەیەکی تاکتیکیە. هەموو تاکتیکێکیش ئسولێکی ستراتیژی و بەرنامەیی بەسەریا زاڵە، هەروەها جیهانبینیەکی فکری سیاسی (و فەلسەفی)ش لەپشتیەوە وەستاوە. تاکتیک جگە لەوەی کە هەڵوێست ڕاگەیاندنە، مادییەت بەخشین، بەرجەستەکردنەوە و بەعەمەلی دەرهێنانی ستراتیژیشە لە شکڵ و شێوازێکی کۆنکرێتدا.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە دیوارێکی ئاسنین سنوری نێوان تاکتیک و ستراتیژ لێک جیا ناکاتەوە، ئەوەی کە بۆ حزبێکی سەراسەری عێراقی تاکتیکە لەچۆنیەتی مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراقدا، بۆ ڕێکخراوی کوردستانی هەر ئەو حزبە ستراتیژێکە. ئێمە کە لێرەدا باس لە بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق و خەباتی چینایەتی و کێشەی کورد دەکەین، لەم پەیوەندەدا مەبەستمان مامەڵەیەکی ستراتیژیە، و ئەو مەسەلە و بابەتانەش کە لەناو ئەو چوارچێوەیەدا پێویستیان بە هەڵوێست گیری سیاسی عەمەلیە بە تاکتیک ناوزەد دەکەین لەوانە ئەم ڕیفڕاندۆمە دیاریکراوەی ئێستا.

**سێ ستراتیژ**

لە پەیوەند بە کوردستانی عێراق و کێشەی کورد لە عێراقدا، کۆمۆنیستەکانی کوردستان و عێراق، چ بە ئاگاییەوە بێت یان لە بێ ئاگایی واتا بە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، لەناو چوارچێوەی سێ (3) ستراتیژی سیاسی جیاوازدا، هەم خەریکی لێکدانەوە و شیکاری فکری و سیاسیین و هەم کار و چالاکی سیاسی عەمەلی خۆشیان ئەنجام دەدەن.

وەک پرێنسیپ و ئامانجە بەرنامەییەکان، هەموو کۆمۆنیستەکانی کوردستان و عێراق (ئەم پێناسەیە "حزبی شیوعی کوردستان-حشک" و "حزبی شیوعی عێراق-حشع" ناگرێتەوە) پێ دادەگرن لەسەر ڕوخاندنی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد و هێنانەدی سۆشیالیزم لە کوردستاندا. ئەوەی جیایان دەکاتەوە، چۆنچۆنی ئەمە دێتەدی؟ چ ڕێگەیەک دەگرنەبەر بۆ هێنانەدیەکەی؟ واتا ئەوەی جیایان دەکاتەوە ئەو ستراتیژانەیە کە لەو پێناوەدا دەیگرنە بەر.

**ستراتیژی یەکەم:** "ستراتیژی سەربەخۆیی کوردستان"، پێدادەگرێت لەسەر چەند خاڵێک، لەوانە:

A. مەسەلەی کورد لە عێراقدا کێشەیەکی چارەسەر نەکراوە، بیانووە بە دەستی بورژوا ناسیونالیستی کوردەوە تا هۆکاری هەموو گرفت و قەیرانەکان ببەستێتەوە بە ستەمی میللی و کێشەی نەتەوەیی کورد و هەڕەشە و مەترسیەکانی دەوڵەتی ناوەندی لەسەر کوردستان. کۆسپێکی سەر ڕێگای خەباتی خەباتی چینایەتی و سۆشیالیزمە. جگە لەوەش هەرێمی کوردستان لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا پەرەسەندنێکی سەربەخۆ لەعێراقی بەخۆیەوە بینیوە و بۆشایی و کەلێنێکی فراوان هاتۆتەئاراوە لە نێوان کۆمەڵگەی کوردستان و بەشەکانی تری عێراقدا.

B.لە ڕوانگەی ئەو ستراتیژەوە، دەوڵەت-بوونی کوردستان چوارچێوەیەکی زەرورە بۆ ئەوەی خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە بتوانێت؛ سەروەری یاسا، سێکیولار بوون و غەیرە قەومی بوون، مۆدێرنیەت و یەکسانی نێوان هەموو دانیشتوانی کوردستان بهێنێتەدی جیا لە ژن بوون و پیاو بوونیان، جیا لە ئایین و نەتەوەیان ...هتد.

C.هەروەها دەوڵەت-بوون چوارچێوەیەکی یاسایی زەرورە تا کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان بە ڕابەریەتی کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد بڕوخێنن و دەسەڵات بگرنە دەست و سۆشیالیزم بهێننەدی.

**ستراتیژی دووەم** "ستراتیژی یەکیەتی خەباتی چینایەتی و نێونەتەوەیی"، پێدادەگرێتەوە لەسەر چەند خاڵێک لەوانە:

A.پەرەسەندنی سەرمایەداری و ڕۆشنبوونەوەی هەرچی زیاتی ڕیزبەندی چینایەتی لە کوردستانی عێراق و گەشەی نارەزایەتیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەڕووی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کورددا.

B.نەمانی زوڵمی نەتەوەیی دوایی 2003 ، و بەوپێیەش نەمانی بنەمای سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەری کە چین و توێژی جیاجیا کۆبکاتەوە لەیەک بزوتنەوەی وەستانەوە بەڕووی ستەمی میللیدا.

C.ستراتیژی کۆمۆنیستی لە کوردستاندا، بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی دەبێت نەک لە نزیکایەتی لەگەڵ بورژوا ناسیونالیستی کورد، بەڵکو لە دژایەتی ئەو و لە پەیوەند بە هاوپشتی چینایەتی و نێونەتەوەیی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لەگەڵ هی تەواوی عێراقدا دابڕێژرێت.

D.وە تا ئەو شوێنەی کە پەیوەستە بە سیاسەت و ستراتیژی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیەوە بۆ ڕابەرایەتی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دەبێ لە هەوڵی ڕووبەڕووبونەوە و بەکژاچوونەوەی دەسەڵاتی بورژواناسیونالیستدا بێت لە کوردستاندا بۆ پاشەکشە پێکردنی ئەو دەسەڵاتە و زەمینە خۆشکردنی خەباتی گشت چینی کرێکار لەسەراسەری عێراقدا بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی بورژوازی لە دەوڵەتی ناوەند، کە خۆی بنەمای هەڵپێچان و وەلانانی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کوردیشە لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمە ڕێگەی ئەم ستراتیژەیە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراق و هەروەها بۆ تێکشکاندنی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد و هێنانەدی سۆشیالیزم لە کوردستان (وەک بەشێک لە هێنانەدی سۆشیالیزم لە عێراقدا).

**ستراتیژی سێهەم:** "ستراتیژی گرتنەدەستی دەسەڵات" لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

A.تەواوی بنەماکانی ستراتیژی دووەم دەگرێتەخۆی و تەنها لە خاڵێکدا جیاوازە (نەک ناکۆک).

B.ئەویش لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی تایبەتی کوردستانە بۆ خەباتی کۆمۆنیستی. ئەم ستراتیژە نەک وەکو ستراتیژی دووەم دامەزرابێت لەسەر "پاشەکشە پێکردنی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد"، و پەیوەستکردنەوەی ڕوخانی ئەم دەسەڵاتە لە هەرێمەکەدا بە سەرکەوتنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتیکشانی تەواوی عێراقەوە بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی بورژوازی لە دەوڵەتی ناوەندیدا، بەڵکو دامەزراوە لەسەر بنەمای هەوڵدان بۆ تێکشاکاندن و ڕوخاندنی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیست لە هەرێمی کوردستانی عێراق و گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە و کردنی هەرێمەکە بە پایەگای پەرەپێدانی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عێراق دژی دەسەڵاتی بورژوازی لە دەوڵەتی ناوەندیدا.

C.ئەم ڕوانگەیە <u>هێنانەدی هاوپشتی چینایەتی و نێونەتەوەیی، هەروەها چارەسەری کێشەی نەتەوەیی پەیوەست دەکاتەوە بە هەوڵدانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیەوە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا</u>. واتا ئەمە پەیوەست ناکاتەوە بە بونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا (وەک ستراتیژی یەکەم) وە پەیوەستیشی ناکاتەوە بەوەی کە پێشوەخت وەیا هاوکات پێویستی بە تێکشکاندن و ڕوخاندنی دەسەڵاتی بورژوازیەوە هەبێت لە دەوڵەتی ناوەندیدا (وەک ستراتیژی دووەم)، بەڵکو دەیەوێت کوردستان بکاتە پایەگایەک بۆ ئەو مەبەستە. هەروەک چۆن بورژوا ناسیونالیستی کورد دەستی باڵای هەبوو لە شکڵدانەوە بە دەوڵەتی بورژوازی عێراق لە 2003 بەدواوە، بەهەمان شێوە کرێکار و زەحمەتکێش لە هەرێمی کوردستاندا بە ڕابەرایەتیەکی کۆمۆنیستیەوە دەتوانن هەم لە تێکشکاندنی ئەو دەوڵەتە بورژوازیەی عێراق و هەم لە شکڵدان بە دەوڵەتێکی شۆرایی و هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا ڕۆڵێکی بەرجەستەیان هەبێت.

ئەوەش بڵێین کە ڕیفڕاندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، جێگەی ناکۆکی نین لەنێوان هەر سێ ستراتیژەکەدا وەک مافێکی گشتی دیموکراتیک. واتا کێشە لەسەر ئەوە نیە، ئایە خەڵکی کوردستان ئەو مافەیان هەیە یان نا وەیا ڕیفڕاندۆم باشە یان خراپە؟ کێشەکە لە هەڵسەنگاندنی جیاوازدایە بۆ بارودۆخێکی سیاسی و مێژوویی کە ئەم ڕیفڕاندۆم و سەربەخۆییەی کوردستانی تیادا بەڕێوە دەچێت. ئایە لە بەرژەوەندی چارەسەری مەسەلەی کوردە یان نا؟ فۆڕمۆڵەیەکی ناسیونالیستانەیە و <u>کێشەکە ئەوەش نیە، بەڵکو کێشە لەسەر ئەوەیە کە ئایە ڕیفڕاندۆمێکی دیاریکراو لە بارودۆخێکی سیاسی و مێژوویی دیاریکراودا لە بەرژەوەندی کرێکار و زەحمەتکێش و خەباتی سۆشیالیستیە یان نا؟</u>

لێرەوە لە پەیوەند بە چونە پێشەوەی خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە کوردستان و عێراقدا هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی جیاواز و بەوپێیەش هەڵوێستی سیاسی وەیا تاکتیکی جیاجیا دەگردرێتەبەر لە لایەن ئەو ستراتیژانەوە. لە کاتێکدا کە ستراتیژی یەکەم هاوڕای ئەم ڕیفڕاندۆمە دیاریکراوەیە، ستراتیژی دووەم و ستراتیژی سێهەم هاوڕا نین لەگەڵ ئەم ڕیفڕاندۆمە و هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە و نەیارانەیان هەیە بەرامبەری.

**ئاوڕدانەوەیەک لە مێژوو، ستراتیژ لە دەورانی شکڵگیریماندا**

بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق کە مێژووی شکڵگیریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیست، ("کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" لەناو ئەو مێژووەدا نیە، بەڵکو لەناو مێژووی ناسیونالیزمدایە) بە درێژایی بیست ساڵ لە تەمەنی خۆی (لە 1975ەوە تا ساڵی 1995) پێداگری دەکرد لەسەر <u>پەیوەستکردنەوەی چارەسەری مەسەلەی کورد بە خەباتی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی دیموکراتی سەراسەری گەلی عێراقەوە</u> بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەند و هێنانەدی یەکیەتی خەباتی چینایەتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ باقی هاوچینەکانیان لە عێراق و لەسەر ئەو بنەمایەش هێنانەدی یەکیەتی کۆمۆنیستەکانی کوردستان لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی تەواوی عێراقدا لە حزبێکی کۆمۆنیستدا.

ئەم ستراتیژەی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی تا جنگی کەنداوی یەکەم 1991، بە هەر کەموکوڕیەکەوە کە هەیبووبێت (کە خۆشی گوزارش لە ناوەڕۆکی ئەو بزوتنەوەیە دەکات لەو سەردەمەدا)، ستراتیژێکی کلاسیکی کۆمۆنیستەکانی جیهان بووە لەڕووی مێژووییەوە و لە ئێستاداشدا هەر پەیڕەوی دەکرێت لە وڵاتانێکدا کە ستەم و کێشەی نەتەوایەتی تێیدایە.

ئەم ستراتیژە لە دژایەتیەکی تەواودا بوو لەگەڵ ستراتیژی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی، بەناوی (دیموکراتیەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان) کە دامەزرابوو لەسەر بنەمای ئەڵقەی داخراوی "جەنگ – گفتوگۆ" لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، کە ماوەیەک جەنگی پێشمەرگایەتی شاخ و پاشان گفتوگۆ و دانوسان بوو بۆ بەدەستهێنانی حوکمی زاتی و سوکەڵە کردنی ستەمی نەتەوایەتی و بەدەستهێنانی چەند ئیمتیازێکی نەتەوەیی، کلتوری و سیاسی و حزبی لە دەوڵەتی ناوەندی.

**هەڵواسراوی کوردستان و سەربەخۆیی**

بەدوای جەنگی کەنداوی 1991دا بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری تازە دێتەئاراوە لە کوردستانی عێراقدا، کە دەبێتە ئۆردوگایەکی بێ ناسنامە و هەڵواسراو کە نە بەشێکە لە وڵاتێک و نە وڵاتێکی سەربەخۆشە، وە ژیان و چارەنوسی ئینسانەکانی ئەو کۆمەڵگەیەش دەکرێنە بارمتەی دەستی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و هاوپەیمانانی، بۆ لەقاڵبدان و دەست کۆتاکردنی ڕژێمی بەعس تا ئامانجە ستراتیژەکانی خۆیان بەرنە پێشەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

<u>ئەمە و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستانیش پێی نابووە ناو قۆناغێکی تر لە تەمەنی سیاسیەوە. پەرەداربوو، هەڵسوڕاوان و ڕێکخراوەکانی توانیبوویان ببنە ڕێخەر و ڕابەری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەک:</u>

بۆ لاپەرە ٩

# درێژەی...سێ ستراتیژ و ڕیفڕاندۆم

شۆڕاکان، ژنان، بێکاران و ئاوارەکان و لە هەوڵی دروستکردنی بازوویەکی چەکداریشدا بوو (هێزی چەکداری "ڕەوتی کۆمۆنیست" و هەروەها لە هەندێ لە شۆڕاکانیشدا) ... دواتریش خۆی کۆکردبۆوە لە حزبێکدا بەناوی "حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق- حککع".

ئیتر ئەو ستراتیژە کلاسیکیەی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق (لە ساڵی 1975 وە تا ئەوکاتە)، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە و "حککع"یش لە هەناوی خۆیدا هەڵگری بوو (بە جیاوازیەکەوە لە ناوەڕۆکی ستراتیژەکەدا کە پێداگریەکی زیاتر لەسەر خەباتی کۆمۆنیستی و کرێکاری بۆ تێکشکاندن و ڕوخاندنی دەسەڵاتی بورژوازی لە دەوڵەتی ناوەندیدا دەکرد، نەک خەباتی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە و دیموکراتیانەی سەراسەری گەلی عێراق بۆ ڕوخانی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەند)، بەڵێ ئەم ستراتیژە کلاسیکیە نەیدەتوانی وەڵامدەرەوەی ئەم بارودۆخە تازەیەی کوردستان بێت بەتایبەت لە پەیوەند بە چارەسەری زوڵمێکی نەتەوایەتی و تراژیدیایەک کە ئەو کۆمەڵگایەی تیا ڕاگیرابوو.

ستراتیژێک لە بارودۆخی تازەی کوردستانی دوای جەنگی کەنداوی یەکەم (1991) دەیتوانی ببێتە ئامرازی هێزگرتنی کۆمۆنیزم و پەرەسەندنی؛ کە ئاڕاستەی هێنانەدەرەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بوایە، لەو بارودۆخە تراژیدیایە و لە بارمتەییەی دەستی ئیمپریالیزم، وە ناسنامەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی پێدابا، بۆ ئاسایی کردنەوەی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، بۆ کێشمەکێشە سیاسیەکانی ناوخۆیی و ڕووبەڕووبوونەوەی چینەکان، نەک ئۆردوگایەک بێت لەسەر کۆمەگیە نێودەوڵەتیەکان ژیان و گوزەرانی دانیشتوانەکەی ببرێت بەڕێوە و پاسەوانیەکەشی بسپێردرێت بە حزبە ناسیونالیستەکان.

هاوڕێ مەنسوری حیکمەت لە ساڵی 1995 دا و لە باسێکدا بەناوی "بەرگریکردن لە سەربەخۆیی کوردستان" بنەما فکری و سیاسیەکانی ئەو ستراتیژە تازەیەی گەڵاڵە کرد و ئەوکاتە وەک تاکتیکی (حککع) و ستراتیژی (کۆمیتەی کوردستان)ی ئەو حزبە پەسەند کرا. ئەوەی کە بۆچی ئەو حزبە نەیتوانی بەم تاکتیک و سترتیژە، کۆمۆنیزم لە کوردستاندا پەرەدار بکات و هێزی پێبگرێت، وە چارەنوسی کوردستانیش یەکلابکاتەوە و بیکاتە سەکۆی ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باسێکی سەربەخۆیە و پەیوەست نیە بەم وتارەوە. ئەوەی لێرەدا جێگەی پێداگرتنە ئەوەیە کە ئەمە تاکتیک و ستراتیژێکی کۆمۆنیستی دروست بوو لەو کاتە مێژووییەدا و یەکێک بووە لە شاکارە سیاسیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری.

## بارودۆخی تازەی دوای 2003

بەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و داگیرکرنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە لە ساڵی 2003 بەدواوە، عێراق و کورستان چونەتە ناو بارودۆخێکی زۆر تازەترەوە. تا ئەو شوێنەی پەیوەستە بە کوردستانەوە لەڕووی یاسایی و سیاسیەوە هەڵواسراویەکەی وەک هەرێمێک و ناسنامەکەی لە دەستوری عێراقدا یەکلا کرایەوە و بەو پێەش چ لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ڕەسمیەتێکی خۆی وەک هەرێمێکی فیدراڵ بەدەستهێنا.

حزبە بورژوا ناسیونالیستەکان نەک هەر لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتی لەرزۆکیان سەقامگیر بوو، بەڵکو لە دەوڵەتی ناوەندی عێراقیشدا بوون بە خاوەن پشکی دەسەڵات. ستەمی نەتەوەیی بەگشتی (چ بە واقعی و چ بە ڕەسمی) کۆتایی هات.

لەڕووی ئابوریشەوە کوردستان قەڵمبازێکی گەورەی هاویشت لە پەرەسەندنی سەرمایەداری و کەڵەکەی سەرمایە و هەڵتۆقینی ملیۆنلەر و ملیاردێرەکان وەک قارچکی بەهار و بوونی کوردستان بە بەشێک لە بازاڕی جیهانی سەرمایەداری و پیادەکردنی سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێ تیایدا.

لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کۆتایی یەکجارەکی هات بە پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی و مەسەلەی جوتیاران و داماڵینی زوربەی هەرەزۆری دانیشتوانی کوردستان لە خاوەنداریەتی هۆکانی بەرهەمهێنان و ئامادەکردنیان بۆ بازاڕی کار. وە بەهۆی پەرەنەسەندوویی و هەروەها نەگرتنەبەری سیاسەتی بە پیشەسازی کردن و دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری لە کوردستاندا و گرتنە بەری سیاسەتی بازاڕی ئازاد لەجێگەی، زوربەی ئەو هێزی کارە، یا ڕاستەوخۆ بێکارن و لەسەر دەرامەتی خانەوادەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەژین بەبێ هیچ زەمانەتێکی کۆمەڵایەتی دەوڵەت، وەیا وەک بێکاریەکی داپۆشراو لە شکڵی موچەخۆری بندیواردان (کە حزبەکانی دەسەڵات سوئی ئیستیفادەی سیاسی لێدەکەن).

شەپۆلی کۆچ و ڕەوی گەنجان و لاوان ڕووەو دەرەوەی وڵات ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سەرمایەداری و دەسەڵاتەکەی لە کوردستاندا ناتوانێت ژیان و ئایندەی نەوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دابین بکات و کەوتۆتە دژایەتیەکی ئاشکراوە لەگەڵ چارەنوس و بەختەوەریاندا. لە هەمانکاتیشدا ئاماژەیە بۆ غیابی ئاڵتەرناتیڤێکی کۆمۆنیستی کە لەباتی ئاسۆی کۆچ و ڕەو بۆ هەندەران بەرەو ژیانێکی بەختەوەر، ڕوخان و هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە بکاتە ئاسۆی گەڕان بەدوای بەختەوەریدا.

## لەوحەی چینەکان

کەمایەتیێک بۆتە خاوەن سەروەت و سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی و کۆمپانیا و پڕۆژە ئابوریەکان و خاوەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەنگ و ڕەنگ و نوسینن لە چەشنی ڕادیۆکان و تەلەفزیۆنەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و خاوەن میلیشیا و دەسەڵات و حکومەت و پەرلەمان. مێژووی سیاسی فەرمانڕەوایەتیەکەشی لایەک سەرکوتی ئازادی و ناڕەزایەتیەکان و ملهوڕی و ترۆر تۆقاندن بووە، لایەکی تریش تا بۆی کرا بێت یاسای کۆنەپەرستانەیان داسەپاندوە دژی ئازادی و یەکسانی ژن و پیاو، دژی ڕێکخراوبونی کرێکاران لەهەر جۆرە ڕێکخراوێکی سەندیکایی وەیا شۆراییدا.

لە بەرامبەر ئەمەدا زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردستان داماڵراون لە خاوەنداریەتی هۆکانی بەرهەم هێنان و هەڵڕژێندراونەتە بازاڕێکەوە کە کار تیایدا دەگەمەنە. جەوهەری لە پێناسەی کرێکاردا نەک ئەو کەسەیە کە لە کارگە یان شوێنێکی کار کاردەکات، بەڵکو ئەو کەسەیە کە داماڵراوە لە هۆکانی بەرهەمهێنان و مەجبورە بۆ ژیانکردن ئامادە بێت بۆ کارکردن بۆ کەسانێکی تری خاوەن پڕۆژەی ئابوری و کارخانەکان، جا ئەگەر کار نەبێت ئەوا کرێکارێکی بێکارە. بەم پێیە سەرمایە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیی چەوسێنەرانەیە لەسەر بنەمای خاوەنداریەتی تایبەتی کەمایەتیەک بۆ هۆکانی بەرهەمهێنان و زوربەیەکی داماڵراو لێیان و ئامادە بۆ کارکردن و ژیان لە هەلومەرجێکدا کە ئەو کەمایەتیە دیاری دەکەن.

وێڕای ئەو قوتبیبونە چینایەتیەی سەرەوە، توێژێکی بەرفراوانی وردە بورژوازیش چ لە دام و دەزگای ئیداری دەوڵەت و چ ئەهلی کەسابەت لە پەراوێزی بازاڕ و پڕۆژە ئابوریەکاندا خەریکن بە چەرمەسەریەوە بژێوی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

## ئاڵوگۆڕە سیاسیە چینایەتیەکان

ئەم ئاڵوگۆڕە ئابوری و کۆمەڵایەتیانە ڕەنگدانەوەی خۆشی لە ئاستی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە سیاسیەکاندا هێناوەتە ئاراوە لەناو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا. لەناو دەرونی بورژوازیدا ڕەوتێکی ناسیونالٚ لیبڕاڵ کە سوپایەک لە قەڵەم بەدەست و میدیاکاری بەرهەمهێناوە، هوشیاری دەداتە دەسەڵات کە فەرمانڕەوایی بەم شکڵە و بەم شێوازە ئایندەکەی دەکەوێتە بەر مەترسی ڕاپەڕین و شۆڕشی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بۆیە خوازیاری دەوڵەتی دامەزراوەییە ئیداریەکان، سەروەری یاسا، دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات و هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای حزبەکانە لەناو سوپایەکی نیشتیمانی غەیرە حزبیدا.

لیبرالیزم لە کوردستاندا لە غیابی ئەوەی کە توانیبێتی حزبی سیاسی تایبەت بەخۆی بهێنێتەدی، چاوی بڕیبۆ "بزوتنەوەی گۆڕان" لە 2009 بەدواوە تا وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ بردنەوەی پێشەوەی ئامانج و ستراتیژی خۆیان کەڵکی لێوەرگرن و چ باشتر کە بشبێتە حزبی خوازیاری ئەوانیش. بەڵام پرۆسەی پەرەسەندنی ئەم حزبە زۆر دڵخۆشکەر نەبوو بۆیان. گرفتی لیبراڵەکانی کوردستان لەگەڵ حزبی "گۆڕان"دا، لایەک بنکەیەکی جەماوەری ڕادیکاڵە کە "گۆڕان" لەناو شەپۆلی ناڕەزایەتیەکانی کوردستاندا لە 2009 تا 2013 توانی بیانکێشێتە ژێر باڵی خۆیەوە، کە نەک هەر سەرکردایەتیەکەی هەراسان کردوە، بەڵکو نیگەرانیشی لای لیبرالەکان هێناوەتە ئاراوە. وێڕای ئەم نیگەرانیە، لیبڕاڵەکان لە ئێستادا نیگەرانی داخزانی ڕۆژ بەڕۆژی سەرکردایەتی ئەو حزبەن ڕووە و ڕەگوڕیشە ئەسڵیەکانی خۆی و پەیوەستبوونەوەی بە جۆباری ناسیونالیزمە کلاسیکەکەی "ی.ن.ک" و "پارتی"ەوە.

لەناو بەرەی کرێکار و زەحمەکێشیشدا، ئەگەر چاوێک بە مێژووی چارەکە سەدەی ڕابردووی کوردستاندا بخشێنینەوە، دەبینین ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکانیانڕاستەوخۆ دژی دەسەڵاتی حزبە قەومیەکانی کوردستانە بووە و یەخەی ئەوانی گرتووە. وەک تەقینەوەی جەماوەری تورە و ناڕازی بەڕووی ئەم دەسەڵاتە لە ئۆگۆستی 2006، خۆپێشاندانە بەرفراوانەکانی بزوتنەوەی سەردەشت عوسمان (2010) و بزوتنەوەکەی 17ی شوباتی 2011 و بەدوای ئەوانەشدا جارێکی تر تەقینەوەی جەماوەر بەڕووی ئەم دەسەڵاتەدا لە ئۆگۆستی 2015 و دوایینیان زنجیرەی خۆپێشاندانە بەرفراوانەکانی کۆتایی سێپتێمبەری 2016 تا کانونی دووەمی 2017، ئەڵبەتە جگە لەو چرکەساتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداون، ڕۆژانەش بەدرێژایی ئەو چارەکە سەدەیە، ناڕەزایەتیەکان وەک زنجیرەیەکی بەردەوام و نەپساوە لە ئارادا بوون بەدژی ئەم دەسەڵاتە.

جاران لەسەردەمی ڕژێمی (بەعس)دا، هەر بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتی و هەر خۆپێشاندانێک کە لە کوردستاندا سەری هەڵبدابایە، بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبە قەومیەکانیش هەم تیا مەوجود بوون و هەم بەشێک بوون لە ڕێکخستن و ڕابەرایەتیشی، بەڕاددەیەک کە ئەو ناڕەزایەتیانەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەدژی دەوڵەتی ناوەندی بەغدا لە چوارچێوەی ئاسۆ و ئامانجەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبە قەومیەکاندا لە قاڵب درابوون، بۆیە لەو سەردەمەدا ئەستەم بوو جیاوازی بکرێت لە نێوان بزوتنەوەی کوردایەتی و بزوتنەوەی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکان دژی دەوڵەتی .ناوەندی

بەدواوە، کە پەرەسەندنی 2003 و بەتایبەت لە 1991 بەڵام لە سەرمایەداری و وجودی کرێکار و زەحمەتکێش لەناو کۆمەڵگەدا کێشێکی قورسی پەیدا کردوە و حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستانیش پەیوەندیەکی توندوتۆڵتر و ڕاستەوخۆتریان بە سەرمایەدارانی کوردستان و بە هاوپشتانی نێونەتەوەیی بورژوازیەوە پەیدا کردوە، دەبینین بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکان و شەپۆلی خۆپێشاندانە یەک لەدوای یەکەکان، ڕاستەوخۆ دژی دەسەڵاتی ئەم حزبە ناسیونالیستانەیە کە نوێنەری سەرمایەی ناوخۆ و بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزمە.

لێرەوە ئەو یەکانگیر بوونەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بزوتنەوەی ناسیونالیزم لە کوردستاندا لەناو بزوتنەوەیەکی یەکگرتوودا دەمێکە کۆتایی هاتووە، بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکان و خۆپێشاندانەکان لەلایەک و بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبە قەومیەکانیش لەلایەکی ترەوە بوون بە دوو قوتبی دژ بەیەک.

ڕیزی کرێکار و زەحمەتکێش<u>بە واقعی و بە عەمەلی</u> نزیک بە چارەکە سەدەیەکە جیابۆتەوە لە بورژوازی هەرێمەکە.

بەڵام ئەوەی کە تا چ ڕاددەیەک ئەم جیابوونەوە مادیە (واقعی و -عەمەلیە) سەری کێشاوە بۆ جیابوونەوە لە ئاسۆی فکری سیاسی بورژوا ناسیونالیست و بەتایبەت ناسیونالیزمی لیبراڵ لە کوردستاندا مەسەلەیەکی ترە کە دواتر دێینەسەری. وە <u>خودی ئەم ڕیفڕاندۆمەی ئێستاش خاڵێکە لەو کێشمەکێشە</u> لە مەیدانی خۆجیاکردنەوەی ئاسۆی فکری و سیاسی کۆمۆنیزمێکی ڕادیکاڵی کرێکاری لە ئاسۆی بورژوا ناسیونالیست و ناسیونالیزمی لیبراڵ و "لیبرالیزمێکی چەپ"ی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق.

... ماویەتی

nadr1506@yahoo.com

## پاشماوەی....ڕژێمی ئیسلامی ئێران بەردەوامەلەسێدارەدانی میردمناڵان

مافەکانی مرۆڤ، ئەمانە بە گشتی ئاڵقەکانی زنجیرێکی تێک هەڵپێکراون کە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگای لەحاڵی کوڵان و هەڵچوون دایە بە زەبری زۆر و سەرکوت.

سزای لەسێدارەدان وەک ئامرازێک بۆترساندنی خەڵکە، لەسەرەتایی بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلامییەکان لەئێران هەتا ئێستاش لەلایەن ئەم ڕژێمە وەحشیگەرییە... ئیسلامییەوە لەسێدارەدان بەکاربراوە، ئەم ڕژێمە جەنایەتکارە بەندکراوانی سیاسی، وەک گرەوگان لەسیاچاڵەکانیدا ڕادەگرێت وهەرکاتێک بەپێویستی زانی لەسێدارەدانیان بۆئامانجی سیاسیی وپێکهێنانی فەزای ترس ووەحشیەت لەکۆمەڵگادا کەڵک وەردەگرێت. بۆسیستەمی ئیسلامی ئێران گرینگ نییە زیندانی تاوانی ئەنجامداوە یان نا، دادگایکراوە یان نا، چەند ساڵ بەحاڵی بوون لەتاوانەکەی ویان بەبێ ئەو بەڵگەو پەرەوەندە یان بەبێ سەنەد لەزیندان ماوەتەوەو یان تەنانەت مەحکوم زیندان کراوەو ماوەیەکی لەمەحکومیەتەکەشی بەسەربردوو. ڕژێم هەرکاتێک بەپێویستی زانی بەشێوەی تاکەکەسی یان بەکۆمەڵ لەسێدارە دەدات. هەربۆیە لەڕۆژی یەکەمی هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیسلامی یەکان لەئێران هەتا ئێستا بەهەزاران کەسی لەسێدارە داوە. بەشێکی زۆر بەکۆمەڵ لەناو شەقامەکانی شارەکاندا لەسێدارەداوە بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک وزاڵکردنی فەزای ترس وتۆقاندن بەسەرکۆمەڵگەدا. بەڵام ڕۆژبەڕۆژ جەماوەری خەڵکی ستەم دیتوی ئێران ڕق وقینەی ڕووخانی ڕژێمی ئیسلامییان لەئێران بەهێزتردەبێت. هەنگاو بەهەنگاو پێویستە خەڵکی ناڕازی لەسیستەمی ئیسلامی خۆیان ڕێکخراو بکەن ویەکێتی و هاوخەباتی وناڕەزایەتییەکانیان بەهێزبکەن، بۆئەوەی لەسەراسەری ئێراندا شۆڕش و ڕاپەڕین گەشە بکات.

# ریفراندۆم و سەربەخۆیی وەڵامە بە دوو گرفتی بناغەیی و دەسەڵاتی میلیشیایی درێژ ناکاتەوە

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

لەو کاتەوەی پرسی ریفراندۆم هێنراوەتە ئارا، زۆریک لە نووسەران و بەتایبەتیش ئەوانەی کە دژی ریفراندۆمن یان دژی ریفراندۆمن لە روانگەی ئەنتی پارتیبوونیانەوە، پاساوێک بۆ رەتکردنەوەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کە بەدەستیەوە دەگرن ئەوەیە کە دەڵین ریفراندۆم و سەربەخۆیی تەمەنی دەسەڵاتی ئیستا درێژ دەکاتەوە... بەرگری لە ریفراندۆم و چوونە بەرەی پارتییە و پاشکۆیەتیە بۆ دەسەڵاتی پارتی... من لەو وتارەدا هەوڵ ئەدەم وەڵامێک بەو بۆچوونانە بدەمەوە... بەهیوای کۆمەککردن بە رۆشنکردنەوەی لایەنە نارۆشنیەکانی ئەو مەسەلەیە...

ئەوە راستیەکی رۆشنە کە کۆمەڵگای کوردستان دەرگیری دوو گرفتی بناغەییە... کە هەرکام لەم دوو گرفتەش بۆنەتە ژینگەو منداڵدانی گرفتی هەمەلایەنەتری سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و حقوقی، ئەم دوو گرفتەش کۆسپی گەورەن نەک هەر لەبەردەم شۆرشی سۆسیالیستی، بەڵکو تەنانەت بۆ ئالوگۆر پێکهێنانێکی بەرجەستەو بەرچاو لە ژیانی مادی و مەعنەوی خەڵکی کوردستانیشدا.

گرفتەکان، یان باشتر بڵێم دوو گرفتە سەرەکیەکە پێکهاتوون لە یەکەم: لکاندنەوەی کوردستان بە دەوڵەتی قەومی و ئیسلامی عەرەبی عێراقی. دووەم: دەسەڵاتی میلیشیایی ناسیونالیزمی کورد و داسەپاندنی چەند زوونی...

وە تا ئەم دوو گرفتە وەڵام وەرنەگرنەوەو رێگاچارەیەک بۆیان نەدۆزرێتەوە، ئایندەی سیاسی و حقوقی خەڵکی کوردستان بە ناجیگیری و ناسەقامگیری دەمێنێتەوە.

ئیستا زیاتر لە ١٤ ساڵە فیدرالیزمی قەومی...لە عێراق هەیە، کۆمەڵگەی عێراق تا هاتووە لێکدابڕ دابرتر بووە، پەرتەوازەو دابەش بووە، ئەوەی هەرکام لە بەشەکانی ئەم عێراقەی بەروکەش یەکگرتوو هێشتۆتەوە، سازانە لەسەر دابەشی داهات و پۆست و بەشداری سیاسیی سێ رەوتی دیاریکراوە. ناسیونالیزمی/ئیسلامی شیعی، ناسیونالیزمی/ عەرەبی سونیی، ناسیونالیزمی کورد... بەڵام لە دنیای واقعیدا هەرسێ ئەم رەوتانە سەرباری ململانێی نێوخۆی خۆیان، لەبەرامبەر یەکتریدا راوەستاون و کۆمەڵگەیان بەرەو دارمان و وێرانەو هاوڵاتیانیشیان بێ ئێرادە کردووە.

هەر کەسێکی واقیع بین، تەماشای عێراق بکات و پەیوەندی نێوان هەریمی کوردستان و عێراق، بکاتە جێگای تێرامان و دیدیکی سەرراست، بەسادەیی دەتوانێت، لێک دوورکەوتنەوەی ئەم دوو کۆمەڵگەیە، لە هەموو زەمینەکانی دەسەڵاتداریتی و سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، پەیوەندی ناوچەیی و جیهانی، تەنانەت کەلتوری و فەرهەنگیش، ببینێ. لەو نێوەدا فیدرالیزمی قەومی وەکو لێی چاوەرواندەکرا، نەک نەیتوانییوە وەڵام بە کیشەی کورد بداتەوە، بەڵکو خۆی بۆتە گرفتێکی واقعی و سەربار بۆ برینی سەر کیشەی کورد لە عێراقدا... لە ٢٠٠٣ وە تا ئێستا، کیشەی داهات و بودجە، کیشەی سنور، کیشەی سەرژمێری، کیشەی نەوت و غازو سامانی سروشتی، کیشەی کەرکوک و مادەی ١٤٠ و ناوچە کێشە لەسەرەکانی تر، کیشەی پەیوەندی بە وڵاتانی ناوچەکەوە، لە ئیستا و داهاتوودا کیشەی حەشدی شەعبی و پێشمەرگە... هەموویان هەڵگری چەندین گرفتی سیاسی و ئابوری و ئەمنی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدان و هەمیشەش ئەگەر و مەترسی تەقینەوەی دوبەرەکی قەومی بە تایبەتی لەو شوێنانەی هاو سنورن و هاوکات کێشە لەسەرن کە سنورێکی درێژو پانتایەکی بەرینی جغرافیایین بە ژمارەیەکی فراوانی دانیشتوانەوە، ئەگەرێک و کابوسێکی چاو لێنەپۆشراو و حاشاهەڵنەگرە. ئەم گرفتە چۆن وەڵام وەردەگرێتەوە؟ دەبێ چ بکرێت؟ رێگاکانی بەرگرتن بە بەیەکدادانی قەومی چین؟ چۆن دەستی حەشدی شیعی و میلیشیایی کوردی دەگیرێت لەو ناوچانە ئاگرێک بەرنەدەنە یەکتری و دانیشتوانی بەرامبەر بەیەک تەیارکراو بەدەستی یەکتری بۆ قەسابیکردنی یەکتری هان نەدەن و تاوانە جەرگبرەکان و کارەساتە مەرگ هەژێنەکان، نەکەنە شانۆیەکی تراژیدی ئینسانی؟

گومانی تێدا نییە، چارەسەری کێشەی کورد لە عێرقدا و لە ئێستادا لە غیابی بزوتنەوەی کرێکاری و رەوتی سیاسی سۆسیالیستی و بەهیز و حزبی عەلمانی تواناداری هێزدار، تەنها دوو وەڵامی هەیە، وەڵامێکیان کۆتایی هاتووە کە گرێدانەوەی کوردسانە بە عێراقەوە. لە عێراقدا ئومیدی ئەوەی کە دەوڵەتێکی مۆدێرن و شارستانی لە نزیک مەودادا دروست بێت، یان عێراق ببێتە دەوڵەتی هاوڵاتی، نەک لە ئارادانییە، بەڵکو دەسەڵاتی میلیشیایی شیعی و سونی ئیستا، بۆ دەیان ساڵی تر بەربەستی سەرەکین لەبەرامبەر هەر رەوت و بزوتنەوەیەکی مۆدێرن و هاوڵاتی سالار. ئەمەش ئومیدی گەرانەوەی کوردستان و لکاندنەوەی بە عێراقەوە لەبەین بردووە و فیدرالیزمی قەومیش بۆتە ئەو درۆ شاخدارەی کەس فریوی پێناخوات و ئەزمون کرا. ئەزمونێکی فاشیل و ترسناک و هەڵگری بەیەکدادانی قەومیی و دینی و مەزهەبی و تایفییە، بەدەست میلیشیاکانیانەوە.

گرفتێکی تر یان گرفتی دووەم، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد بەگشتی و دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتییە، بە تایبەتی. ئەم گرفتەش ریشەی لە گرفتی یەکەمدایەو پێوەی گرێدراوە. بوونی ستەمی نەتەوایەتی سەرخەڵکی کوردستان و بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرامبەر بەو زوڵمە، ژینگەی سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کورد و پێگرتنەتی، وە بە ناسیونالیست کردن و زاڵکردنی ئاسۆی ناسیونالیستیە بەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی و نەفرەت لە زوڵمی نەتەوایەتی لە دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی دەوڵەتی مەکەزی، بە درێژایی مێژووی خۆی. ئەم ناسیونالیزمە لەسەردەمی رژێمە سەرکوتکەرەکانی پێشودا، تا روخانی بەعس، لە ژێر ناوی وەستانەوە بەرووی سەرکوت و ستەمی نەتەوایەتیدا، هەم زەمینەی مانەوەی خۆی و هەم سەرکوتی هەر رەوت و بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری و رادیکاڵی کردووە لە ژێر ناوی چارەسەر نەبوونی زوڵمی قەومی و بەپاساوی لە پێشتر بوونی خەباتی نەتەوایەتی لە جێی خەباتی چینایەتی و...تاد. لەساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ ئەم دەسەڵاتە دیسان لەژێر ناوی مانەوەی سەدام حسێن و رژێمی بەعسدا، و خۆبەستنەوەی بە مەسەلەی نەتەوایەتی سەر خەڵکی کوردستان و خۆ دەخستنی لە زەمینەی سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسی و... بە مەسەلەی کوردەوە توانیویەتی خۆی دووبارە بەرهەم بهێنێتەوەو ئاسۆی ناسیونالیستی خۆی بۆ چارەسەری پرسی کورد و جێ بخات. هەر هەوڵ و تێکۆشانیکیش کە بۆ ریفراندۆم وسەربەخۆیی یان لە زەمینەی خەباتی چینایەتی و کرێکاریدا بۆ باشبژێوی کرێکاران و خەڵکی کوردستان و مافە فەردی و مەدەنیەکان و ئازادییەکان و مافی ژنان و وەستانەوە بەرووی کۆنەپەرستی و بۆ ئازادی و رێکخراوبووندا نرابێت... ئەوان لە ژێر ناوی مانەوەی هەرەشەی دەرەکی و ترسی گەرانەوەی سوپای عێراق و بەعسدا، دوبارە لەدژی وەستاونەتەوەو کۆمەڵگەی کوردستانیان بەپاوانی دەسەڵاتی خۆیان زانیوەو ئەو پاوانداریەشیان لە رێگای دەیان دەزگای جاسوسی و سەرکوت و هێزی میلیشیایی چەکدارەوە کردووە.

لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تا ئیستاش، ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییەی پارتی و یەکێتی، لەگەڵ ئەوەدا کە خۆیان بوونە برا بەشی دەسەڵات لە بەغدا و لەچوارچیوەی فیدرالیزمی قەومیدا، لەسەر بەشی سیاسی و پۆست و داهات و...تاد رێکەوتن، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا هەرەشەی گەرانەوەی بەعس نەماو ستەمی نەتەوایەتیش کۆتایی هات، بەڵام چونکە کیشەی کورد بەهەڵواسراوی مایەوەو وەڵامی وەرنەگرتەوە، ئەمجارەیان لە جیگای ستەمی نەتەوایەتی، پابەند نەبوونی بەغدایان بە فیدرالیزمی وقەومی و بە جێ بەجێنەکردنی بەڵێنەکانیان لە شەراکەتی سیاسی و بەڵێن شکێنی ریکەوتننامەکانیان، کردە بیانوو، دیسان لە ژێر ناوی کێشەی کورددا!!

ئەم دەسەڵاتە میلیشییاییە، لەگەڵ ئەوەدا چەند ساڵێکە خۆی نەوت فرۆشی دەکات، داهاتی ناوخۆیی کوردستان بەدەستی خۆیەتی، ئابوری سەربەخۆیی هەیە، بەڵام دیسان بیانوی گرانی و برسێتی و بێ موچەیی، نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و تەرفیهی و پەروەردەیی و مافە زۆر سەرەتاییەکانی ئینسان، دەخاتە پاڵ بەغدا. بەغدا بە تۆمەتباری دۆخی کوردستان دەزانێت و لەژێر ناوی هەرەشەی بەغداو پابەندنەبوونیان بە شەراکەتی نیشتیمانی و بەڵینەکانیان، خۆیان لە خواستە زۆر سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان دەدزنەوە و دۆخی ناهەمواری کوردستانی ژێر دەسەلاتی خۆیان، دەگێرنەوە بۆ بەغدا. ئەوە لەکاتێکدایە کە خۆیان و وەکو بەرپرسانی حزب و بنەماڵەی دەستڕۆشتوی ناو حزب و حکومەت!! لە ژیانێکی شاهانەدا دەژین و راپۆرتە هەواڵە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیەکان ئاماژە بە سەروەتی ملیاردیری خەیاڵیان دەکەن.

## بنەمای درێژ بوونی تەمەنی دەسەڵاتی میلیشیایی چییە؟

٢٦ ساڵە پارتی و یەکێتی پاوانی دەسەڵاتدارێتی کۆمەڵگەی کوردستانیان لە رێگای فریوکاری و سەرکوت و دەستبەسەراگرتنی داهات و هێزی چەکداری میلیشیای و خۆبەستنەوە بە وڵاتانی ناوچەکەوە کردووە، بەڵام ئەوە هەموو حکایەتەکە نییە. ئەوەی ئەوەی ئەو تەمەنەی پێبەخشیوون و ئەوانی هێشتۆتەوە بە پلەی یەکەم چارەسەرنەبوونی کێشەی کورد بووە. ئەگەر لە ساڵی ١٩٩١ یان لە ساڵی ٢٠٠٣، کیشەی کورد چارەسەرکرابا. یەکێتی و پارتی بە چ پاساوێک دەیانتوانی درێژە بەو حکومرانییە زاڵمانەو نابەرابەر و بیمافیە بدەن کە هەیە؟ چ دەسەڵاتێک دەتوانێ بمێنێتەوە کە دوای ٢٦ ساڵ لەدەسەڵات و لەبەردەستدابوونی فرۆشی نەوت و غازو سامانی سروشتی...تاد، نەتوانێ ئاو و کارەبا بۆ هاوڵاتیانی دابین بکات؟ چ دەسەڵاتێک دەتوانێ ٢٦ ساڵ حکومرانی بکات، بێ ئەوەی تۆمەتبارێکی دز، تاڵانچی، گەندەڵ، یان ئینسان کوژی سەر بەدەسەڵات بداتە دادگا؟ چ دەسەڵاتێک دەتوانێ ٢٦ ساڵ حکومرانی بکات، بێ ئەوەی یاسا" بەهەر ناوەۆکیکەوە" هەبێت؟ چ دەسەڵاتێک دەتوانی ٢٦ ساڵ تاڵانی بکات، پێشلەشکری بکات، ژن کوژان ئازاد پارێز بکات، رۆژنامە نووسان بە ئاشکرا برفێنێت و تیرۆر بکات، کەچی شانسی لەدەسەڵاتدانەوەی بمێنێ؟ چ دەسەڵاتێک دەتوانێت ٢٦ ساڵ هەریمێک بکاتە چەند بەش وهەر بەشەی سەر بەوڵاتێکی ناوچەکە بێت و لەدەسەڵاتیش بمێنتەوە؟ چ دەسەڵاتێک دەتوانێ ٢٦ ساڵ دەسەڵاتدارێتی بکات، بی ئەوەی مافی حکومرانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەرەسمی ناسرابێت؟ چ دەسەڵاتێک دەتوانێت حکومەتی بێ مافی حاکمەیەت، پەرلەمانی بێ دەسەڵات بۆ ٢٦ ساڵ دریژە پێبدات؟ یان کەی ویستی دەرگاکەی بکاتەوە یان دابخات؟

بۆیە دەسەڵاتی پارتی و یەکێیتی ٢٦ ساڵە بکەرو ببرو بکوژ و ماف و کوژ و ئیرادە شکێن و نۆکەر و درندەو تاڵانچین، چونکە قاچیان بە مەسەلەی کوردەوە بەستۆتەوە، چونکە میلیشیان؟ چونکە مەسەلەی کورد کۆتایی نەهاتووە. بۆ ئەوەی کابوسی ئەم دەسەڵاتە کۆتایی پێ بێت، دەبێ مەسەلەی کورد بەچارەسەر بگات و دەسەڵاتی میلیشیایی کۆتایی بێت. چۆن؟ کێ ئەم کارە بکات؟ کامیان پیش مەرجی کامیانن؟ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی میلیشیایی زامنی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستانە یان وەڵامدانەوەی بە کیشەی کورد زامنی کۆتایی پێهاتنی دەسەڵاتی میلیشیاییە؟

## تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتی میلیشیایی چین؟

ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە وەڵامدانەوە پێیان دەتوانێ کۆمەک بە بەرچاورۆشنی و هەنگاوی کارساز بکات.

لە چارەکە سەدەی رابردووی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا، نەفرەت و نارەزایەتی بەردەوام بووە، بەڵام خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتیکی حکومی پێناسەکراو و فەرمی و دەوڵەتێک بەرەو روو نەبووە، تورەیی و نەفرەتی نارەزایەتی بەرینتر بۆتەوە بەرەوهەڵکشان چووە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەدا تا هاتووە دەسەڵاتیش پایەکانی خۆی قایمتر کردووە، بە دەستبەسەراگرتنی داهات و بوونی میلیشیایی چەکدارەوە توانیویەتی درێژە بە تەمەنی خۆی بدات. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە خۆی بە پابەند بە جێبەجێکردنی هیچ ویستێکی خەلک نازانێت و هیچ تەعەهودێکی نییە لەگەڵ هاوڵاتیانی تا جێ بەجێی بکات. وە وابەستەی هیچ یاساو تەعەهوداتێکی نێودەوڵەتیش نییە، هیچ یاسایەکی فەرمی نییە ئەو دەسەڵاتە میلیشیاییە پەیرەوی لێبکات، بۆیە زۆری هێز جیگای یاسا دەگرێتەوە. دەم کوتانی دەسەڵاتی میلیشیایی لە یاسا بۆ ئەوە نییە خۆیان پێوەی پابەند بن، بۆئەوەیە هاوڵاتیان مل کەچی بن و خۆیان لاباک بن بەرامبەری. باسی پەرلەمان وحکومەت، بۆئەوان بۆ حکومەتداری و یاسادانان و چاودێری حکومەت نییە، بۆئەوەیە دنیای دەرەوە فریوی بدەن. لە ژێر سایەی میلیشیادا، حکومەت و پەرلەمان، دوو دەزگای بەکرێگیراوی حزبین بۆ رەسمیەت دان بە دەسەڵاتی میلیشیا و بەس. بۆیە حکومەت و پەرلەمان گوێگری حزب و موچەخۆری حزب و قورمیشکراوی حزب و بوون و نەبوونیان بۆ هاوڵاتیان هیچ بایەخێکی کردەنی نییە. ئەگەر لە خرۆشانێکی جەماوەریدا، حکومەت و پەرلەمان بکەونە دەست جەماوەی تورە، یان لە کودەیایەکی سەربازی دەستیان بەسەردا بگیرێت، هیچ لەدەسەڵاتی میلیشیایی ناگۆرێت. یان لەرێگای کایەی هەڵبژاردنەکاندا و بە پێی دەنگی هاوڵاتیان دەسەڵات دابەش ناکرێت و هاوسەنگی هێز ئاڵوگۆری بەسەردا نایەت. ئەمانە تایبەتمەندی دەسەڵاتی میلیشیایین. کۆتاییهاتن بەدەسەڵاتی میلیشیایی نە بەخۆپیشاندان و نە بەکاری جەماوەری و پەرلەمانی و هەڵبژاردن، مەیسەر نابێت. تەنانەت یەک فەرماندەی سەربازی و یەک سەرۆک خێلێش لەچوارچیوەی دەسەڵاتی میلیشیاییدا ناتوانرێت، لە دەسەڵات بخرێت. دەسەڵاتی میلیشیایی بە میلیشیایی بەهیزتری چەکداری تر یان بە شۆرشی جەماوەری پشتبەستوو بەهێزی چەکداری بەهیز، یان لەرێگای لەدەست دەرهێنانی ئەو کەیسانەی زامنی مانەوەو پێکهاتنی بوون دەتوانرێت جێگۆرکی بە دەسەڵاتدارێتیەکە بکرێت. هیزی میلیشیایی، هیزی دەوڵەتی نییە، بێلایەن نییە... هاوکات ناتوانرێت بکرێتە هیزێکی "نیشتیمان"ی، چونکە خۆی هیزی حزبە لە غیابی دەوڵەت و دامەزراوەی پێناسەکراوی حکومرانیدا. باسی بە نیشتیمانیکردنی هێزی میلیشیایی، وەهمە. تەنها بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی میلیشیایی و جێگرتنەوەی بە دەسەڵاتی یاسایی و قەوارەی دەوڵەتی دەتوانێت مەیسەر بێت. هێزی چەکداری حزبی، پارێزەی حزبە، لە کاتێکدا سوپای نیزامی و یاسایی پارێزەی دەوڵەت و هیزێکی بان حزبییە. تا دەوڵەتیش نەبێت، هێزی چەکداری سەر بەپارتی و هیزی چەکداری سەر یەکێتی، هیزی ئەو دوو حزبەن و هەر ئەو هێزەشە وای لێکردون پارێزگاریان لێبکات. ئەو هیزەیە کە ئەگەر پارتی لە گەمەی هەڵبژاردندا یەک کورسیش نەهێنیت، کەس

بۆ لاپەرە ١١

## درێژەی... ریفراندۆم سەربەخۆیی وەڵامە بە ...

ناتوانێت دەسەڵاتداریتی لە زونی زەردو قەڵەمڕەوی خۆیدا لێ بسەنێتەوە، بۆ... یەکێتییش هەروایە، ئەگەر یەک کورسیش لە هەڵبژاردنەکاندا نەهێنێت کەس ناتوانێت لە زونی سەوز دەسەڵات لەدەست یەکێتی دەربهێنێ.

بەسادەیش چونکە هێزی چەکدار و لەرێگای ئەو هێزە چەکدارەوە، پاوانی هەموو جومگەکانی داهات و سامان و دەسەڵاتداریتیان کردووە... چۆن هێزی میلیشیایی، هەڵدەوەشێتەوە؟

وەڵام وەرگرتنەوەی ئەو دۆسیە بناغەیانەی حزبی هێزی میلیشیای کردۆتە دێوەزمە، دەتوانێ بەرە لە ژێر پێی دەربکێشێ و گوڵە بەهارەی هەمەکارەیی و هەمە دەسەڵاتی خۆی لێ وەربگرێتەوە و بیخاتە بەرامبەر بە یاساو لێپرسینەوەو دادگاییکردن و لاوەکی کردنی. ئەگەر هاوڕایین لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لەسەر بنەمای زوڵمی قەومی ومانەوەی کێشەی کورد، توانیویانە هەبن و دەسەڵاتیان بمێنێ و لاباک بن بەرامبەر بە هاوڵاتیان. بێگومان بە وەڵامدانەوە بەو مەسەلەیە، زەمینەی مانەوەیان بە شێوەی رابردوو لەدەست دەدەن. بەبێ وەڵامدانەوە بە کێشەی کورد، دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی، و بۆ چەندین دەهەی تر درێژەی دەبێت و سەرۆکە پاکەتی ویراسیەکانیان بۆ ئێستاو داهاتوو لە گریسدان و ئامادەن.

ئێستا دەبێ بپرسین... ئەگەر ئەمانە دوو گرفتی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردستانن، ئەی چی بکرێ؟ چارەسەر چییە؟

کەواتە وەڵامێک ماوە، وەڵام سەربەخۆیی کوردستانی عێراقە، لە دەوڵەتی عێراقی قەومی و تایفی، دابرانە لەو مێژووە خوێناویەی چەندین دەهەیە، بەهۆی زوڵمی نەتەوایەتیتەوە، خەڵکی کوردستانی پلە دوو سەرکوت دەکرد... رێگاکەی چییە؟ رێگای باو لەدنیا و ئەزموونکراو بۆئەوەی ئیرادەی هاوڵاتیان تیادا، رۆڵ بگێرێت، سازدانی ریفراندۆمە. بەوەی بزانریت خەڵکی چیان دەوێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دان بە ئیرادەی دەنگی هاوڵاتیاندا بنێت. تەعەهوداتی نێو دەولەتی خۆی پیادەبکات. ریفراندۆم ئەو رێگایەیە یان ئەحزاب و یان ناوەندێکی نێودەوڵەتی یان ئیلێت" نوخبە"یەکی ناسراو دەتوانێت بانگەوازی بکات. دیارە هەرکام لەوانەش لە هێنانەگۆری پرسی ریفراندۆمدا، بەدوای قازانج و تەماحی بەرژەوەندی دیاریکراوەوەن. لە دۆخی کوردستاندا کە میلیشیایی حزبی باڵادەستە، پاروی دەمی خەڵکی بەبارمتە گیراوە، پرسی ریفراندۆم بەهەمان ئاقارو بەشێوەی ئەو وڵاتانە بەرێوە ناچێت، کە دەوڵەتداری و یاساو ماف و تەعەهوداتی نێودەوڵەتی هەیە. بانگەوازی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی سکوتلاند لە بەریتانیا... یان کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا زۆر جیایە لەوەی لە کوردستاندا دەکرێت. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا ریفراندۆم بۆ بەڵێ و نەخێرە بۆ چارەسەری پرسێک، بەڵام هاوکات پرۆسەی بانگەوازو جێبەجێکرنەکەی تەواو جیاوازە. لە شوێنی وەکو فەلەستین و کوردستاندا پرسی ریفراندۆم بێ ئەوەی هێزی دەسەڵاتداری سەرەکی و بەهێز لەگەڵی بێت، ناکرێت. وەیان رێگەنادەن بکرێت. ئەمە ئەگەر حاڵەتێکی ناوازە و تاڵە، بەڵام راستیەکی حاشاهەڵنەگرە.

ئیستا پارتی وەکو هێزیکی باڵادەستی بریاربەدەستی میلیشیایی لەکوردستاندا، بە پشتیوانی هێزە میلیشیا هاوتاکەی بانگەوازی ریفراندۆمی کردووە، کە بێگومان لەو رێگایەوە بەدوای دەیان ئامانجی دیاریکراوی حزبی و بنەماڵەیی خۆشیەتی، بەڵام لەگەڵ هەموو تەماحەکانی خۆیدا، دەستبردنی بۆ ریفراندۆم، کە گەرانەوەیە بۆ ئیرادەی خەڵک و وەرگرتنی رای هاوڵاتیان، سەرباری هەر رەخنەو تورەیی و نەفرەتێک لە دەسەڵاتی تاڵانچی پارتی و ناسیونالیزمی کورد، رەتکردنەوەی ناتوانێت بچێتە خزمەت بە چارەسەری پرسی کێشەی کورد لە عێراقدا و دۆخەکە وەکو ٢٦ ساڵی رابردوو دەهێڵێتەوە. پێشبینی دەکرێت چارەسەرنەکردنی پرسی کورد، لەگەڵ پێگرتنەوەی زیاتری ناسیونال.ئیسلامی شیعی و یان ناسیونالیزمی عەرەبی بە گشتی... بچێتە ئاستێکی ترسناکتر لە ٢٦ ساڵی رابردوو. بەتایبەت لە ئێستای دوای داعشدا، ململانێی هەولێر و بەغدا، پێشبینی دەکرێت بچێتە ئاستێکی مەترسیدار و خوێناویەوە. بۆیە دەستبردن بۆ ریفراندۆم و بۆ سەربەخۆیی وەڵامێکی کارسازو کردەنییە بۆ بەرگرتن بە سیناریۆ ترسناکەکانی داهاتوو، وە بۆ کۆتاییهێنان بە دۆسیەیەک کە ناسیونالیزمی کورد، چەندین دەهەیە لەسەر ئەو پرسە درێژە بە تەمەنی خۆی و دوبارە بەرهەم هێنانەوەی خۆی دەدات. ناکرێت بەرەی ئازادیخوازو چەپ و کۆمۆنیستی کۆمەڵگە... پشتیوانی لەو جیابوونەوانە بکەن کە لەشوێنەکانی تری دنیا دەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی ناچاری بەپرسە گەورەوە چارەسەرنەکراوەکان، بەڵام لە کوردستان بە پاساوی ئەوەی پارتی دەیکات، دژایەتی بکەن. نە لە فەلەستین، دۆسیەی سەربەخۆیی و ریفراندۆم و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بەدەست هێزە پێشکەوتنخواز و چەپ و کۆمۆنیستەکانەوەیە، نە ئەوانەی بوونە رەمزی کۆتاییهێنان بە ئاپارتیدی رەگەزی، لە جنوبی ئەفریقیا چەپ و کۆمۆنیست بوون، بەڵام لەهەردوو حاڵەتەکەدا، بزوتنەوە و رەوتە سیاسیە پێشکەوتنخوازو چەپ و کۆمۆنیستەکانیان، پشتیوانیان کردوون.

پاساوەکان لاوازن لەبەرامبەر پرسێکی گەورەدا. سەیر ئەوەیە بەشێکی زۆر لە هاورێیانی کۆمۆنیست، کە خۆیان پێشتر لەبەرامبەر پاساوی ناسیونالیستەکاندا بۆ بەرەنگاری ریفراندۆم دەوەستانەوە، ئیستا خۆیان هەمان ئەو پاساوانە بەدەستەوە دەگرن کە پیش ٢٢ ساڵ بەر لەئیستا لەدژی وەستاونەتەوە. لەوانە رێگری وڵاتانی ناوچەکە، نائامادەیی، گونجاونەبوونی هەلومەرجەکە، نارازی بوونی ئەمریکاو غەرب... هەروەها باسی "ناوماڵی کورد"" نەبوونی رێکاری یاسایی"" لەکارخرانی پەرلەمان"" سەرەوەرنەبوونی یاسا" کە بەشێکی تر نارازیانی پارتی بەرامبەر بە ریفراندۆم بەدەستیانەوە گرتووە، هیندەی هەوڵێکی نەخشەمەندانەو بەیانی نارەزایەتی باڵیکی بزوتنەوەی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردە لە بەشداری سیاسییان، نیو ئەوەندە پەیوەندی بە ریفراندۆمەوە نییە. چاوەروانی لەوەی حکومەت و پەرلەمان ببنە دامەزراوەیەکی یاسایی و فەرمی و دانپیانراوی نێودەوڵەتی و پابەند بە تەعەهوداتی دەوڵەتی و لەژێر دەسەڵاتی میلیشیاییدا، لەوەهم زیاتر نییە. حکومەت و پەرلەمان و سوپای نیزامی" نیشتیمانی" تا دەگات بە یاسا. بێ دەوڵەت و بێ مافی حکومەتداری بەدی نایەت. ئەوانە هیچیان پێشمەرجی ریفراندۆم و دەوڵەت سازی نیین، بەڵکو بوونیان لە گرەوی بوونی دەوڵەتدایە.

پاساوی ئامادەکاری دەرەکی پاساوێکی ترە کە بەمەحاڵکردنی پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆییە... لەهیچ جێگایەکی دنیادا، دەوڵەتەکان و زلهێزەکان نین، دۆسیەی سەربەخۆیی و دەوڵەت راگەیاندن، بەدەستەوە بگرن. ئەوانە هەمیشە ناچار کراون و مل بە ئیرادە و بریاری خەڵک بدەن. چاوەروانی لەوەی بە دانیشتن و گفتوگۆ عێراق و تورکیاو ئیران و سوریا... بەخۆشی خۆیان رازی بن بە ریفراندۆم و پیکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ... چاوەروانیەکی بێ هودەو بەخەیاڵ کردنی ئومێدی سەربەخۆییە. بۆئەوەی وڵاتانی ناوچەکە تا کۆمەڵگەی نێودەولەتی مل بە سەربەخۆیی بدەن، دەبێ ئیرادەو بزوتنەوەی بەکردەوەی خەڵکی کوردستان لە رێکارێکی دانپیانراوی نێودەڵەتیدا ببینن، کە ریفراندۆم میکانیزمێکی خستنەگەری ئەو ئیرادەو بزوتنەوە جەماوەری و کۆمەڵایەتیەیە. ئەوەی کە گرنگە و دەکەوێتە سەر شانی بەرەی پێشکەوتنخوازو چەپ و کۆمۆنیستەکان. بەڵێ و نەخێر نییە. بەڵێ و نەخێر، بژاردەیەکە بۆ هاوڵاتیان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو. پرسی گرنگ ئەوەیە چی بکرێت بۆ ئەوەی ریفراندۆمێکی ئازاد و دوور لەهەرەشەو چاوسوکردنەوە بەرێوەببریت؟ چ بکرێت بۆئەوەی هاوڵاتیان بێ گویدانە ناسنامەی نەتەوەیی و دینی ومەزهەبی و حزبی و بیروباوەریان، لە کوردستاندا لەکەشێکی بەرابەرو ئارامدا، بەشداری ریفراندۆم بکەن؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاکامی ریفراندۆم بە رەسمی بناسرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەفەرمی بناسن؟ چی بکرێت بۆئەوەی هەرەشەی وڵاتانی ناوچەکە ناکام بکرێتەوە؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی حزبە سیاسیە میلیشا بەدەستەکانی کوردستان، سات و سەودا بە ریفراندۆم و ئاکامی ریفراندۆمەکەوە نەکەن؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی بەرەی پێشکەوتنخوازو ئینساندۆستی وڵاتانی ناوچەکەو دنیا، لە پشت ویستی خەڵکی کوردستان و ئاکامی ریفراندۆم بوەستن؟ چۆن ئامادەکاری بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی پشت بەستو بە ئیرادەی ئازادانەی جەماوەری کە مافە فەردی و مەدەنیەکان و مافی هاوڵاتیبوون بێ گوێدانە هیچ ناسنامەیەکی قەومی و دینی و مەزهەبی تیایدا زامن بێت، شکۆ ئینسانی تاکەکانی پاریزراو بێت و... چی .. ئەمانە ئەو ئەرکانەن کە دەکەوێتە سەرشانی بەرەی ئازادیخوازو چەپ و کۆمۆنیستەکان. بەرگری و تێکۆشان بۆ هەرکام لەوانە، هیچ هیزو کەس و لایەنێک ناکات بە پارتی و رێبازی بارزانی، کەس ناکات بە بەرگریکەر لە دەسەڵاتی تالانچی و میلیشیایی و موچەبر و ئازادی کوژ، کەس ناخاتە ناو خانەی درێژکردنەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی. ئەوەی دەتوانێت دەسەڵاتی میلیشیایی درێژ بکاتەوە، پارتی و یەکێتی بۆ دەیان ساڵی تر بکەرو ببری زاڵ و سەرەکی ناو کۆمەڵگای کوردستان بن. مانەوەی کوردستانە لەگەڵ عێراق و وەڵام وەرنەگرتنەوەی کیشەی کوردە. ئایندەی ترسناکتر لە ویستی جیابوونەوەی کوردستان و پیکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ، مانەوەی کوردستانە لە چوارچیوەی عێراقێکدا، کە دەسەڵاتێکی قەومی و ئیسلامی و تایفی و عەرەبییە. پاساوی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بە ریفراندۆم کردن برسی تر دەبێت، خەڵکی توشی شەرو کیشەو قوربانیدان دەبێت، زیدەرەویی و ترساندنی خەڵکە و بێ بنەمایە. بێگومان هەرەشە دەبێت و گوشار دەبێت، رێگری دەبێت، بەڵام جەماوەرێک ئیرادە بکات، و ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بە مافی خۆی بزانیت، ئیرادەی ئەوەشی دەبێت، وەڵامی ئەو هەرەشەو رێگریانە بداتەوە. هێزی ئەحزاب و رێکخراوە سیاسییەکان، دەشکێن، بەڵام شکاندنی ئیرادەی وەگەرکەوتویی جەماوەری شکانی ئاسان و سانا نییە. بلۆکی ئازادی و چەپ و کۆمۆنیست، دەبێ داینەمۆی خستنەگەری ئەو ئیرادە جەماوەرییە بێت، نەک پاساو هێنانەوەو گیرانی رۆڵی چاودێری سیاسی و شەن و کەوکرنی ئەگەرەکانی.

ئەمرۆ کۆمەڵگەی کوردستان تەنها سێ ئەگەری لەپێشە... یەکەم، لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقی عروبی قەومی و ئیسلامی شیعی. دووەم مانەوەی کوردستان بەم جۆرەی ٢٦ ساڵە هەیە، کە بەکردەوە لەعێراق جیابۆتەوە و بەفەرمیش هیچ مافێکی حکومداری و لەئاستی کۆمەڵگەی نێودەولەتی لەباری حقوقیەوە نییە. سێیەم بەفەرمی جیابوونەوەی کوردستانە لە عێراق، لە رێگای ریفراندۆمێکی ئازادانە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆییە... لەنیوان ئەم سێ ئەگەرەدا، کام هەڵبژاردە لە بەرژەوەندی سەراسەی چینی کرێکارە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا. کام لەو ئەگەرانە لە بەرژەوەندی خەڵکی ستەم دیدەی کوردستانە... ئەگەر لەدنیای واقعی و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بەتایبەتیش بزوتنەوەی سۆسیالیستی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار تەماشا بکەین، جیابوونەوەی کورستان لە عێراق و پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ دەتوانێ وەڵامی کارساز بیت، بەتایبەتیش کە هەردوو ئەگەرەکەی تر فەشەلی خۆیان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و ناوچەکە نیشانداوە.

**ناوەراستی ئابی ٢٠١٧**

## درێژەی دوا ستوون...

دوای دروستبوونی دەوڵەتەوە هەیە. دەوڵەت تەنها وەڵامی بێ دەوڵەتییە، سەربەخۆیی وەڵامی دۆخی هەڵواسراو بەزۆر لکێنراو و ناتەبایی و ناهاوسەنگی و هەڵاواردنی هاوڵاتیان لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و زمانیەوە هەیە لەبەرامبەر بە یاسادا. تیکەڵکردنی ئەم دۆسیەو کەیسانە بەیەکەوە، بەمانای پشتوانیکردنە لە دۆخی نەخوازراوی ئێستا.

جوڵانەوەی نەخێر بۆ ریفراندۆم لە ئێستادا، لە وەهمێکی قوڵدایە کە لایان وایە لەژێر سایەی دەسەڵاتی و حزبی و میلیشیاییدا، (پایەکانی دەوڵەتێکی دیموکرات و سەرکەوتو دامەزرابن و دەستور و پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئایندەی گەلەکەمان و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوان هەمو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان پەسەند کرابێ) سپاردنی پرسی ریفراندۆم بۆ ئەوکاتەی ئەوانە وەدی بێن، سپاردنی ریفراندۆم و سەربەخۆییە بە ئایندەیەکی مەحاڵ و پشتیوانی کردنە لە هیشتنەوەی ئەم دۆخەی ئێستا، بۆ ئایندەیەکی نادیار تا لەسایەیدا، ئەم تالان و برۆیە، ئە و بیمافی و لێکترازنە سیاسی و کۆمەڵایەتیە، بەردەوام بێت.

وە چاوەروانی ئەوەی ریزی نیشتیمان و ناو ماڵی کورد!!" تەبایی و یەککریزی بەدی بیت، کەمەبەست ئەوەیە حزبەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد تەبا بن. ناتوانرێت لە ژێر قەڵەمرەوی و ململانێی میلیشیادا، روبدات. شەفافیەتی نەوت و داهات و... تاد، تەنها لەچوارچیوەی دەسەڵات و قەوارەیەکی دیاری پێناسەکراودا مۆدێرندا دەشێ وەدی بێت. چاوەروانی بەدیار وەدی هاتنی تەبایی ئەو حزبانەو شەفافیەتی داهات و نەوت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی وەکو پێش مەرجی ریفراندۆم، هیچ نییە جگە لە خەونێکی دۆزنانەی وەدی نەهاتوو لە ژێر سایەی دەسەڵاتی حزبی و میلیشیادا.

چاوەروانی ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکاو غەرب، بگەنە ئەو باوەرەی کە سەربەخۆیی و وادەی ریفراندۆم دیاریبکەن و بەخۆشی خۆیان پشتیوانی بکەن، درۆیەکە لەدنیایدا رووی نەداوە. هەمیشە مافی جیابوونەوەو سەربەخۆیی سەپێنراوە، هەروەها وڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکاو غەرب بەهیچ پێوانەیەک دۆستی خەڵکی کوردستان نین و بەدوای بەرژوەندی سیاسی و ئابوری و خۆیانەوەن. ئەوەی کە دۆستی خەڵکی کوردستانە، تەنها دەتوانێ بزوتنەوەیەکی ئینسانی و پێشکەوتنخواز و شارستانی، دۆستایەتی و هاوسۆزی و پشتیوانی هاوڵاتیان و دنیای شارستانی وڵاتانی ناوچەکەو دنیا بۆ مافێکی رەوا بەدەست بهێنێ.

بۆیە بەهەموو ئەو راستیە سادانەوە، جوڵانەوەی نەخێر بۆ ریفراندۆم لە ئێستادا، جوڵانەوەیەکە بۆ رەتکردنەوەی ریفراندۆم لە ئێستاو داهاتووی کوردستاندا، لە پێناو رەزامەندی نیشاندان بە دۆخی ئێستاو هێشتنەوەی ئەو دۆخە. بۆیە دەڵێین ریفراندۆمتان باش!!

15/8/2017 ( 10 ) ژمارە

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
عەبدوڵا مەحمود، نادر عەبدالحمید، کەریم کەریم، ڕیبوار ئەحمەد، سەردار عەبدوڵا، عەبدالرحمن ڕەسوڵ، مەنسور حیکمەت، ئاسۆ کەمال

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

# دوا ستوون

## ریفراندۆمتان باش!

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

جوڵانەوەی نەخێر بۆ ریفراندۆم لە ئێستادا لە بەیاننامەیەکدا، بەچەند پاساوی لاواز لەبەرامبەر پرسێکی بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حقوقیدا، دژایەتی خۆیان بۆ سەربەخۆی کورستان رادەگەیەنن.

ئەوەی جیگای سەرنجە ئەوەیە، ئەو جوڵانەوەیە بانگەوازی هاوڵاتیان دەکەن بەشداری لە ریفراندۆمدا بکەن و بە نەخێر دەنگ بدەن، بەم بانگەوازەشیان، بە هاوڵاتیان دەڵین بەڵی بۆ چوونی هاوڵاتیان بۆ ریفراندۆم و بەڵی بۆ گەرم و گوڕ و فراوانتر بەڕیوەچوونی ریفراندۆم، بەڵام نا بۆ سەربەخۆیی، ئەمەش هێڵ و ستایلی سیاسی ئەم جوڵانەوەیە دەخاتە بەردەم ناکۆکیەکی ئاشکراوە.

ئەم جوڵانەوەیە میکانیزمی قبوڵە و ئامانج رەتدەکاتەوە، لە کاتێکدا هەموو جوڵانەوە حزبێکی سیاسی لە روانگەی ئامانجەکان و ستراتیژەوە، میکانیزمەکان هەڵدەبژێرت و بەڵی یان نەخیر دەکاتە بژاردە. هەردوو بژاردەی بەڵی و نەخێریش واتە قبوڵکردنی میکانیزم و رێکارەکانی بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کە لە کوردستاندا رێکارو میکانیزمی ریفراندۆم وەکو راگەیەنراوە بۆ سەربەخۆییە. بۆیە ناکرێت تۆ میکانیزم و رێکاری یاسایی و ئاسایی باوت بۆ وەڵامی پرس و ستراتیجێک قبوڵ بێت، بەڵام خود ئامانج و پرس و ستراتیژەکە رەت بکەیتەوە. بۆیە دەبێ بڵێین ریفراندۆمتان باش!

ئامانجی ریفراندۆم چ لە کورستان و چ لە هەر شوێنێکی دنیا، گەرانەوەیە بۆ دەنگ و راو ئیرادەی هاوڵاتیان بۆ وەڵامدانەوە بە پرسێکی دیاریکراو. کورستان ٢٦ ساڵە پاوانی دەسەڵاتی میلیشییاییە، ئەم دەسەڵاتە پابەندی هیچ پەیمان و پێودانگێک لەگەڵ هاوڵاتیانی نییە و هیچ چوارچیوەیەکی یاسایی و حقوقی چ لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچەکەو چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نییە... مانەوەی ئەم دۆخە دەتوانێت دەیان ساڵی تر تەمەنی ئەم دەسەڵاتە درێژ بکاتەوە. ئەوەی کە دەتوانێت ئەم دۆخە بگۆرێت و دەسەڵاتی سیاسی پابەندی پێودانگە و پێوانە نێودەوڵەتی و یاسایی و حقوقی بکات، کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی میلیشیایی و پیکهێنانی قەوارەیەکی دەوڵەتی و فەرمی و پێناسەکراوە. سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت" بەهەر ناوەرۆکێکەوە"، برگەیەکی تر و هەنگاوێکی لە پێشترە لەو دەسەڵاتە ببر و سەرکوتکەر و تاڵانچییەی ئێستا کە هیچ بەرپرسیاریەتیەکی فەرمی و یاسایی لەبەرامبەر بە هاوڵاتیانی نییە.

دامەزراندنی پایەکانی دەوڵەت، سوپای نیشتیمانی!! لیک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، سەروەری یاسا" هەر یاسایەک" پێش مەرجی دەوڵەت سازی نین و هەموو ئەمانە لەگرەوی بوونی دەوڵەتدا، قابیلی دەسترەسین.

مەسەلەی مافە فەردی و مەدەنی و بژیوی هاوڵاتیان و موچەو ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و... تاد، لە گرەوی بوونی دەوڵەتدا نین، وە پیکهاتنی دەوڵەت و سەربەخۆیی، بەمانای وەڵامدانەوەی ئەمانە نییەو زامنی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و ئازادیەکان ناکات. ئەمە کەیسێکی ترە پەیوەندی بە هاوسەنگی هێزی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، پەیوەندی بە ناوەرۆکی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی...

بۆ لاپەرە ١١

# لەیادی هاوڕێیانی گیان بەختکردوو" خالید مەلا عەلی و کەریم هۆمەر باوەمەر" دا





* خالیدی مەلا عەلی لە ساڵی ١٩٥٩ لە خێزانێکی کرێکارییدا، چاوی بە دونیای پڕ زوڵم و ستەمی سەرمایەداریدا هەڵێناوە. بۆیە هەر لەگەڵ چرۆکردنی تەمەنیدا، ناچاربوو بۆ بەڕیوەبردنی ژیان و گوزەرانی خێزانەکەیان بە جیا لەخوێندن، دەست بداتە کاری تاقەت پروکێن...

دنیای پڕ زوڵمی ژیر سایەی نیزامی سەرمایەداری و واقعیەتی تاڵی چەوساندنەوەو نایەکسانی ئەو نیزامە هارو چاوچنۆکە، زوڵم و زۆری بێ سنوری رژێمی ناسیونال- فاشی بەعسی لە گۆرنراو، هەر زۆر زوو هاوڕی خالیدی کیشایە مەیدانی خەبات و تیکۆشانی لێبراوانە.

هاوڕی خالید، دوای ئەوەی پەی بە واقعیەتی و ماهیەتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەبات، کە چەند ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا، لێیان دوردەکەوێتەوە و وەکو کرێکارێکی بیناسازی دەست دەداتە هەڵسوران و زۆر زوو دەبێتە خۆشەویستی ناو هاوڕێ و دۆستەکانی و سیمایەکی تێکۆشەری چەپ... هەر لەوکاتەدا لەگەڵ رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکاندا ئاشنایەتی پەیدا دەکات و پاشان لە رێکخراوی" یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی" نزیک دەبێتەوە.

هاوڕی خالید، لەساڵانی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٩١ وەکو کادرێکی کۆمۆنیست و هەڵسوراوێکی بزوتنەوەی کرێکاریی دەست دەداتە خەبات و تێکۆشانی کۆمۆنیستی و لە خرۆشانە جەماوەریەکەی ئازاری ١٩٩١ دا، بە شداری دەکات و دەبێتە یەکێک لە کادرە رێکخەرەکانی ئەو ناوکۆکە چەکداریەی کە بزوتنەوەی شورایی و شوراکانی پێدەناسرێتەوە... دواتریش بوو بەیەکێک لە هەڵسوراوان و رابەرانی شورای سەرشەقام و چالاکانە کار دەکات.

هاوڕی خالید لە درێژەی خەبات و تێکۆشان و ئەو ڕۆڵ و نەخشە بەرجەستەیەی بۆ بەرگری لەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و مافەکانیان گێرای، لە بەرواری ١٨/٨/١٩٩١ دا لەکاتی هەڵمەت بردنە سەر بارەگاکانی حزبی بەعس، بەمەبەستی دووبارە وەدەرنانەوەی دام ودەزگاکانی بەعس لەبەر دەرکی سەرای شاری سلێمانی و لەکاتی هیرش بردنیدا بۆسەر لیوای حەرەس جمهوری، پێدەکرێت و بۆ هەمیشە دڵە پر لە هیواو ئاواتە ئینسانی و کۆمۆنیستیەکەی لە لێدان دەکەویت...

* کەریم حەمە باوەمەر ناسراو بەکەریم هێرۆیی لە ناوچەی پشدەردا چاوی بە دنیای نابەرابەر و زاڵمانەی سەرمایەداری و هەڵێناوە... کەریم هێرۆیی ئەندامی تیپی هونەری پێشرەو و ئەندامی کۆمیتەی مەراسیمە کرێکارییەکانی ئایار و هەڵسوراوێکی بزوتنەوەی کرێکاریی و هونەرمەندێکی دەست رەنگین و بەسەلیقە بوو. کەریم هێرۆیی سیمایەی خۆشەویست و ناسراوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش و هونەرمەندانی و هونەر دۆستانی شاری قەڵادزێ بوو... کەریم هێرۆیی هونەرمەندێکی دڵ پر لە هیواو ئومێدی بەدنیایەکی باشتر بوو، بۆیە یەکێک لەهەڵسوراوانی بزوتنەوەی دژی سەرمایەداری بوو دەسەڵاتی رەشی بەعسی سەرمایە بوو...بەداخەوە هاوڕی کەریمی هونەرمەند لە رۆژی ١٦/٨/١٩٩٤دا دڵە پڕ هیواو عیشقە جوانەکەی لەگەڵ کۆمەڵێک لە دانیشتوانی شاری قەڵادزێ، لە ئەنجامی تۆپبارانی نێوان شەری دەسەڵاتی حزبە قەومی و دینیەکان لە لێدان کەوت و دڵە پڕ هیواو ئومێد و دەست رەنگینیەکەی بۆ ئاخرین جار تابلۆیەکی سوری دژی کۆنەپەرستی نەخشاند..هاوڕێ کەریم لەدوای خۆی دوو منالی چاوگەشی بەناوەکانی" تابلۆ و دیاری" کە گوزارشتە لە پێشکەشکردنی جوانی و دونیایەکی رەنگاو رەنگ ئاوەڵە، بە مرۆڤایەتی لەدوای خۆی بەجێ هێشت...

**بەرزو بەڕێزبێت، یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو خالید مەلا عەلی و کەریم هێرۆیی هونەرمەند**

## دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو
## ٢٨/٨/٢٠١٧